دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکرات و فیدراڵدا

# کوردستان

www. kurdistanukurd.com

ژمارە: ٥٦٢

چوارشەممە ١٥ی پووشپەڕی ١٣٩٠ - ٦ی جولای ٢٠١١ ● ١٥٠ تمەن ● ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

بەیاننامە

فشار هێنان بۆ سەر موجاهیدین کادۆیە بۆ کۆماری ئیسلامی
٣

سیاسی



هەڵبژاردن لە نێوان ئۆپۆزیسیۆن و پۆزیسیۆندا
٤

بیرورای ئازاد



ژنان لە تان و پۆی ناسیۆنالیزمدا
٨

بڕیارنامە



بڕیارنامەی سیاسی پەسندکراوی کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان
١٠

# ٢٢ی پووشپەڕ بکەینە ڕۆژی بێزاری دەربڕین لە تیرۆریزمی دەوڵەتی

## بانگەواز

**خەڵکی خەباتگێری کوردستان!**
**ڕێکخراوە مەدنییەکان و سەرجەم چالاکانی خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**
**ئۆگرانی دادپەروەری، ئاشتی ومافی مرۆڤ!**

لە بەرەبەری ٢٢ی پووشپەری ١٣٩٠، ٢٢ ساڵەی تیرۆری ڕێبەری ئاشتیخواز، دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو دا، کەسایەتیی بە هەڵوێست و تێکۆشەری شێلگیری داکۆکی لە مافەئینسانییەکانی خەڵکی کوردستان، بەڕێز محەممەدسەدیق کەبوودوەند، سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مروڤ لە کوردستان لە پەیامێک دا کە لە بەندیخانەوە ناردوویەتی، داوای کردوە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، بەم هۆیەوە کە نموونەیەکی ئاشکرا لە تیرۆریزمی دەولەتیی تێدا ڕوویداوە، بکرێتە ڕۆژی سەرکوتی تیرۆریزمی دەولەتی بە هۆی کۆمەلگەی مەدەنییەوە. سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مروڤی کوردستان و کاندیدای خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی٢٠١١، کە ڕووی پەیامەکەی لە دانیشتووانی پارێزگەکانی ئیلام، کرماشان، کوردستان، ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، هەمەدان و خوراسانی باکوورە، هەروەها داوادەکا بەم هۆیەوە کە لە مانگی پووشپەری ١٣٨٤دا، نارەزایەتیدەربڕینی هێمنانەی خەڵکی کوردستان بە هۆی دەولەتەوە سەرکوت کرا، ئەم ڕۆژەو مانگی پووشپەر بە گشتی بکرێتە ڕۆژی مەحکوومکردنی سەرکوتی نارەزایەتیدەربرینی هێمنانە لە لایەن دەوڵەتەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، پێشوازی وپشتیوانی لەم هەڵوێستە مەدەنی وهەر لەو کاتە دا بوێرانەیەی بەڕێز محەممەد سەدیق کەبوودوەند دەکا. دڵنیاشین خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کوردەکان لە هەرشوێنێکی ئێران، کە لە مێژ ساڵە لە ٢٢ی پووشپەڕدا، وەفاداریی خۆیان بە ئامانجەکانی ڕێبەری شەهیدیان و بێزاریی خۆیان لە ڕێژیمی تێرۆریست وتیرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامی بە شیوەی جۆراوجۆر پێشانداوە، پێشوازی وپشتیوانی لە پەیامی سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مروڤی کوردستان دەکەن.

بەم بۆنەیەوە، ئێمەش ڕووی قسەمان دەکەینەوە دانیشتووانی ڕۆژهەلاتی کوردستان و پاریزگە کوردنشینەکانی سەرانسەری ئێران و داوایان لێ دەکەین وەک ساڵانی ڕابردوو و یەکگرتووانە تر و ڕاشکاوانەتر لە هەمیشە، لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ و ڕۆژەکانی دیکەی ئەو مانگە دا وەرنە مەیدان بۆ ئەوەی بێزاریی خۆتان لە تیرۆریزم وسەرکوتی دەوڵەتی دژی هەول وخەباتی ئاشتیخوازانەو هێمنانەی ڕێبەرانتان وتێکۆشەرانی نەتەوەکەتان دووپات بکەنەوە. ئێوە ئەزموونێکی دەوڵەمەندو هەر لەو کاتەدا جێی شانازیتان لە حەماسە خۆلقێنی لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەر دا هەیە. هەر بۆیە ئیستا کە گڵۆلەی دیکتاتورییەکان لە ناوچە، پتر لە هەر کاتێک کەوتوتە لێژی وکۆماری ئیسلامی بە بۆنەی تاوانخۆلقێنی و بەکارهێنانی تیرۆریزم وسەرکوت دژی گەلانی ئێران، لە ژێر چاوەدێریی نێونەتەوەیی دایە، بێزاریی خۆتان لەو ڕێژیمە تێرۆریستە و شێلگیربوونی خۆتان لەسەر مافە نەتەوەیی و ئینسانییەکانتان، یەکگرتووانە وبە شیوەیەکی هێمنانە، دووپات بکەنەوە.

ل ٢

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بانگەوازێکدا بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ یادی ٢٢ ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، داوای مانگرتنی گشتی لە خەڵکی کوردستان کردوە.

لە بانگەوازەکەی دەفتەری سیاسیدا پشتیوانی و پێشوازی لە داواکەی محەمەدسەدیق کەبوودوەند سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان کراوە و هەڵوێستی ناوبراو بە بوێرانە لە قەڵەم دراوە. کەبوودوەند لە پەیامێکدا لە زیندانەوە داوای لە خەڵکی کورد لە پارێزگاکانی ئیلام، کرماشان، کوردستان، هەمەدان، ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و کوردەکانی باکووری خوراسان کردوە کە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ وەک ڕۆژی دژایەتی کردنی تیرۆریزمی دەوڵەتی بناسن و مانگی پووشپەڕیش وەک مانگی مەحکوومکردنی سەرکوتی نارەزایەتیی هێمنانە لە کوردستان بناسرێ.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە چەند ساڵێکە خەڵکی کوردستان، ڕۆژی ٢٢ی پووشپەر، بە داخستنی دوکان و بازار و نەچوونەوە سەرکارەکانیان یادی دوکتور قاسملوو بەرز رادەگرن و تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی مەحکووم دەکەن. ئەمساڵیش پێش بینی دەکرێ خەڵک بە گوڕوتینێکی زیاترەوە نارەزایەتی دەربڕن.




**دەفتەری سیاسیی حدک لە نامەیەکدا بۆ ئەحمەد شەهید:**

## داواکارین ئاورێکی جیددی لە بارۆدۆخی مافی مرۆڤی کورد لە ئێران بدەیەوە

لە نامەیەکدا کە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئەحمەد شەهید ڕاپۆرتنێری تایبەتی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکانی ناردوە، داوا دەکا کە ناوبراو لە لێکۆڵینەوەکانی لە سەر دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران، ئاورێکی جیددی لە بارودۆخی مافی مرۆڤی کورد لە ئێران بداتەوە.

لە نامەکەی دەفتەری سیاسیدا هاتوە کە ئێمە بە پێی ناسیارییەک کە لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیمان هەیە دەزانین کە مەئمووریەتێکی سەختت پێ ئەسپێردراوە، بەڵام دڵگەرمین کە کەسێکی دێموکڕات و ئازادیخوازی وەک جەنابت بۆ ئەو پۆستە دیاری کراوە.

دەفتەری سیاسی هەروەها لە نامەکەیدا بۆ ئەحمەد شەهید جگە لەوەی کە هەندێک زانیاری لە سەر دۆخی مافی مرۆڤی کورد پێشکەش کردوە، ئامادەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بۆ هاوکاری و پێدانی زانیاریی ورد و باوەڕپێکراو دەربڕیوە.

**دەقی نامەکەی دەفتەری سیاسی لەم ژمارەیەی «کوردستان»دا بڵاو بۆتەوە.**

## بەشداریی سکرتێری گشتیی حدک لە کۆبوونەوەی ساڵانەی شووڕای ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیستدا



سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سەر بانگهێشتی ڕەسمیی سکرتێری گشتیی ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیست بەشداری لە کۆبوونەوەی ساڵانەی شووڕای ئەو ریکخراوەیەدا کرد کە لە ئاتین، پێتەختی یونان و بە میوانداریی ئەو وڵاتە بەرێوە چوو.

کاک خالید عەزیزی لەو دەرفەتەدا لە گەڵ ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕێبەرانی حیزبە سۆسیالیستەکانی ئەندام لەو شووڕایەدا دیدار و چاوپێکەوتنی پێک هێنا و لە سەر پرس و کێشەکانی وڵاتانی عەرەبی،ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کێشە ئەمنیەتی و ئابوورییەکانی جیهان و پرسی دێموکڕاتیزە کردنی وڵاتانی نادموکڕاتیک و سەرەڕۆ ئاڵوگۆڕی بیرورا کرا.

شایانی باسە ئەو کۆبوونەوەیە کە لە ڕۆژی هەینی، ١٠ ی پووشپەڕەوە دەستی پێ کرد بوو، دوانیوەڕۆی شەممە ١١ی پووشپەڕ کۆتایی بەکارەکانی هێنا.

## بەردەوامیی مانگرتنی ٣ زیندانیی سیاسیی کورد لە میناب و کەرەج




سەرەڕای کۆتایی هاتن بە مانگرتنی یەکێک لە زیندانیانی سیاسیی مانگرتوو لە بەندیخانەی کەرەج، مانگرتنی سێ زیندانیی سیاسیی دیکەی کورد هەروا بەردەوامە.

ئیبراهیم سەیدی یەکێک لە سێ زیندانیەکەی زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج کە مانیان لە خواردن گرتبوو کۆتایی بە مانگرتنەکەی هێنا.

خوسرەو کوردپوور چالاکی مافی مرۆڤ لە وتووێژ لەگەڵ بی بی سی دەڵێ کە ئەنوەر خزری و کامڕان شێخە، دوو زیندانیی سیاسی خەڵکی مهابادن کە نیزیک مانگێکە مانیان لە خواردن گرتوە، لە مانگرتنەکەی خۆیان بەردەوامن.

ئەم سێ زیندانیە سیاسیە کوردە لە ئێعتراز بە تێکەڵ کردنیان لەگەڵ تاوانباران بە قاچاغچێتی و بکوژەکان مانیان لە خواردن گرتبوو.

شایانی باسە کە لە زیندانی میناببیش کەماڵ شەریفی کە هەر بەو هۆکارە مانی لە خواردن گرتوە، هەروا لە مانگرتنەکەی بەردەوامە و بەپێی دوایین زانیارییەکان باری لەشساغی لەمترسی دایە.

# مەحکومکردنی تۆپبارانەکانی کۆماری ئیسلامی لە لایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە

سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆمباران کردنی ناوچە سنورییەکانی هەرێمی کوردستانی بە هۆی تۆپخانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە مەحکووم کرد.

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان وێڕای مەحکومکردنی ئەو دەستدرێژییەی کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاندوە کە ئەو کارانە زیان بە پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران دەگەیەنێ و هیچ ئامانجێکیش بەم شێوەیە نایەتەدی.

لە بەشێکی ئەو ڕاگەیەندراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستاندا



هاتوە کە ئێمە لە کاتێکدا ئەو پەلامارەی هیزهکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵک و ناوچە سنورییەکانی هەرێم مەحکووم دەکەین و بە کارێکی نابەجێیان دادەنێین، پێشمان وایە کە ئەو جۆرە کارانە زیان بە پەیوەندیی نێوان هەرێم و کۆماری ئیسلامی ئێران دەگەیەنن و ئەو تۆپباران و پەلامارانەش هیچ پاساوێک هەڵ ناگرن.

# بەشداریی هەیئەتێکی ژنانی حدک لە کۆبوونەوەی ژنانی سۆسیالیست ئینتێرناسیۆنال لە ئاتێن دا

**ڕۆژانی سێشەممە و چوارشەممە، ٧ و ٨ ی پووشپەڕ( بەرابەر لە گەڵ ٢٨ و ٢٩ی مانگی ژوئەن) لە شاری ئاتێن و بە میوانداریی وڵاتی یونان کۆبوونەوەی سۆسیال ئینتێرناسیۆنالی ژنان بەڕێوە چوو.**

لەو کۆبوونەوە جیهانیەدا کە لە ژێر ناوی چارەنووسی ژنان لە وڵاتانی عەرەبی بە دوای بەهاری عەرەبدا گیرا، هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی گوڵاڵە شەرەفکەندی و هاورێیەتی شەهین زادئەحمەد بە مەبەستی خستنە رووی ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕێکخراوی ژنان بەشداریی ئەم کۆبوونەوەیان کرد.

کۆبوونەوەکە بە پەیامی ویدئۆیی جۆرج پاپاندرۆ کە نەیتوانیبوو لە سالۆن ئامادە بێ دەستی پێ کرد و دواتر ئانتیگۆن کارالی دیمیتریادی، جێگری سەرۆکی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال و ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیری یۆنان بۆ پرسی ژن لە حیزبی پاسۆک وتەیەکی کورتی پێشکێش کرد و پێداگریی لە سەر گرینگیی چارەنووسی ژنان لە وڵاتانی عەرەبی لە پرۆسەی بەرەو دێمۆکراسیدا کرد.

پییا لۆکاتێللی، سەرۆکی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنالی ژنان لە قسەکانی خۆیدا ئاماژەی بە بارودۆخی ژنان لە وڵاتانی عەرەبیی ناوچە کرد.

بەشداربووانی کۆبوونەوەکە لە دوای کاری ئەو پانێلەدا پرسیار و تێبینییەکانی خۆیان ئاراستەی پانێل گێران کرد و لە لایەن ئەوانەوە وەڵامیان درایەوە.

لە ڕۆژی دووهەمی کۆبوونەوەکاندا، وەفا حاجی، ئەندامی کۆمیسیۆنی پێوەندییە بیانییەکانی « یو ئێس ئێف پ» لە وڵاتی مەراکێش، باسێکی لە سەر وەزعی ژنان لەو وڵاتە و لە ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکاندا پێشکەش کرد.

لە بەشێکی دیکەی کاری کۆنفڕانسەکەدا و لە بەشی دانیشتنی وڵاتانی ناوچە، یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان کە دەکەوێتە بەشی مێدیتەرانە، قەفقاز و خاورمیانە ی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال، لە گەڵ بەرپرسی ئەو ناوچەیە واتە ئانتیگۆن کارالی دیمیتریادی و ڕێکخراوەکانی سەر بەو ناوچەیە کۆ بوونەوە.

لەو بەشەدا گرینگترین بابەت بۆ هەرکام لەو ڕێکخراوانە لە وڵاتەکانی خۆیان و لە بەرنامەیان بۆ ٣ مانگی داهاتوودا باس کرا.

دواتر لە کۆبەندی باسەکانی کۆبوونەوەی گشتیدا، لە بەشی ئەو بابەتانە کە دەبێ سۆسیال ئەنتێرناسیۆنالی ژنان لە بەرنامەی داهاتووی خۆیدا بیگونجێنێ، نوێنەرایەتیی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان پێداگریی لە سەر پێویستی بەرەوروو بوونەوەی توند ئاژۆیی ئیسلامی لە ناوچە و پشتگیری لە ژنان و لە مافەکانیان لە وڵاتێکی وەک ئێراندا کرد و داوای پشتگیری بۆ مەسەلەی ژنی کورد و پێناسە و مافەکانی خستە روو و باسی ژنانی زیندانی و پێویستیی ئاوڕدانەوە لەوانی کرد.

هەیئەتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان هەروەها ئاماژەی بە گرفتی دەستدرێژی بە کۆمەڵ بۆ سەر ژنانی کرد کە




ئێستا لە ئێران بە بەربینگی بە ژنان گرتوە و لە کۆتاییشدا ئارەزووی کرد ژنان لە وڵاتانی عەرەب لە تەجرەبەی ژنانی ئێرانی دەرس وەرگرن و خۆیان تووشی چارەنووسی هاوشێوە نەکەن.

لە بەشی کۆتایی کاری کۆبوونەوەکەدا بڕیارنامەیەک کە بۆ پشتگیری لە ژنان لە وڵاتانی عەرەبی لە لایەن سۆسیال ئەنتێرناسیۆنالی ژنان ئامادە کرابوو، بە لە بەرچاو گرتنی تێبینییەکانی ئامادەبووان، پەسەند کرا.

# بەشداریی ئەندامانی حدک لە خۆپیشاندانێکی بەردەم باڵوێزخانەی ڕێژیم لە دانمارک

کومیتەی بەرگری لە مافی زیندانییە سیاسیەکان بە مەبەستی داکۆکی و پشتیوانی لە زیندانیانی



سیاسیی ئێران، ڕۆژی دووشەممە ٣١ ی جۆزەردان خۆپیشاندانێکیان لە بەردەم باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کۆپێنهاگ، پێیتەختی وڵاتی دانمارک ڕێک خست.

لەو خۆپیشاندانە دا کە کۆمەڵێکی زۆر لە کوردستانیان و ئێرانیەکانی نیشتەجێی دانمارک و هەروەها نوێنەری حیزب و ڕێکخراوەکان ئامادە بوون، درووشمی جۆراوجۆر دژ بە سیاسیەتی سەرکوت و زەبروزەنگی ڕژیمی تاران بەرز کرایەوە و سرودی شۆڕشگێڕانە خوێندرایەوە.

لەو خۆپیشاندانە دا داوا لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ کرا کە زەخت و گوشارەکانی لەسەر ڕژیمی کۆماری ئیسلامی زیاتر بکرێت تاکوو گشت بەندکراوە سیاسییەکان ئازاد بکات و کۆتایی بە سیاسەتی گرتن و تۆقاندن بێنت.

پێویست بە گوتنە کە بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو خۆپیشاندانە دا بەشدارییان کرد و هاوکات لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی جیهان و لە هەمان ڕۆژ دا خۆپیشاندان و چالاکی جۆراوجۆر دژ بە کۆماری ئیسلامی ڕێک خراو خەڵکی ئازادیخواز بەشدارییان تێدا کرد.

درێژەی:

# ٢٢ی پووشپەڕ، ڕۆژی بێزاری دەربڕین لە تیرۆریزمی دەوڵەتی

حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە سەرنجدان بە ئەزموونی ساڵانی ڕابردوو و هەر وەها بە مەبەستی خۆدەرخستن و دەنگدانەوەی هەرچی باشتری نارەزایەتیی خەڵکی کوردستان لە تیرۆریزم و سەرکوتی دەوڵەتی لە ٢٢ی پووشپەڕدا، داوا دەکا:

١- ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ بکەن بە ڕۆژی مانگرتنی گشتی و شانبەشانی داخستنی دووکان و بازار لە هەموو شار و شاروچکەیەک، لە چوون بۆ شوێنی کار خۆبپارێزن.

٢- کاتژمێر ٨ی بەیانیی ڕۆژی چوارشەممە، ٢٢ی پووشپەڕ بە کاتی تاران بۆ ماوەی یەک دەقیقە لە هەر شوێنێک هەن، بە تایبەتی لە نێو شارەکان وشوێنە گشتییەکان، چرای ماشینەکانتان ڕۆشن کەن وبوق لێ بدەن.

٣- لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ دا، بە شیوەی جۆراوجۆر، یادی ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملوو بەرز ڕابگرن، گوێ لە وتەکانی بگرنەوە، وتەکانی بە کورتەنامە (sms) بۆ دۆستان وناسیاوان بنێرن، شانبەشانی کاری تەبلیغی جۆراوجۆر بەم بۆنەیەوە سەردانی بنەماڵەی شەهیدانی کوردستان بکەن، بچنە سەر گلگۆی شەهیدەکان و وەفاداریی خۆتان بە ئامانجەکانیان دووپات بکەنەوە.

٤- شەوی ٢٢ لەسەر ٢٣ی پووشپەڕ، کاتژمێر ١٠ی شەو بە کاتی تاران، چرای ماڵەکانتان بۆ ماوەی ٣ دەقیقە بە یادی تاوانی ڤییەن بکوژێننەوە و لە ماوەی خامووشی دا، دروشمی «قاسملوو، قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە» دووپات بکەنەوە.

٥- لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ و ڕۆژانی پێشتر ودواتردا، لەسەر هەست و ئامادە بن بۆ ئەوەی لە کاتی هێرش وپەلاماری هێزە سەرکوتکەرەکان بۆ سەر دوکان وماڵ وگیانی هەر هاونیشتمانێک دا، بە کۆمەڵ بە گژیان دا بچنەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، سڵاو لە هەڵوێستی نەتەوەیی یەکگرتووانەتان لە ٢٢ی پووشپەڕ دا دەکا و لە پێشەوە دەستخۆشی بە هەموو تاکێکی بەشداری ئەم حەماسە مەدەنی و سەرانسەرییە دژ بە تیرورێزم وسەرکوتی دەوڵەتی دەڵێ.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٤ی پووشپەڕی ١٣٩٠**
**٥ی ژوئییەی ٢٠١١**

# بەڕێوەچوونی کۆڕیادی ٢٠ ساڵەی شەهید بوونی دوو قەڵەمی جوانەمەرگ

**کوردستان و کورد نیوز:** ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٠ ساڵەی شەهید بوونی ئەبووبەکر کانیەرەشی و جەلیل ڕەحیمیاندا کۆڕیادێکی تایبەتیی بەڕێوە برد و شەهیدان ئەبووبەکر کانیەرەشی و جەلیل ڕەحیمیان دەستی پێ کرد. پاشان کاک قادر وریا، بەرپرسی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبارەی پێکهاتنی ئەو کۆڕیادەوە








تێیدا یادی ئەو دوو بەهرە و دوو قەڵەمی شۆڕشگێری جوانەمەرگی بەرز ڕاگرت.

لەو کۆڕیادەدا کە بەیانیی ڕۆژی پێنجشەممە، ٩ی پووشپەڕ و بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی ڕێبەری، تێکۆشەرانی دێرین و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە یەکێک لە بنکەکانی حیزب دابەڕێوە چوو، لە سەر کەسایەتیی و بەرهەم و بیرەوەرییەکانی ئەو دوو لاوە شەهیدەی حیزبی دێموکرات قسە کرا.

ئەو ڕێوڕەسمە بە ڕاگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی شەهیدان بە تایبەت وتەیەکی پێشکێش کرد.

چەند بڕگەیەک لە بەرنامەکانی ئەو کۆڕیادە بریتی بوون لە:

- خوێندنەوەی وتاری هەیاس کاردۆ، هاوسەنگەر و هاوکار و هاورێی نیزیکی شەهید ئەبوو کانیەرەشی کە لە ئۆسترالیاوە بۆ کۆڕیادەکەی ناردبوو و لە لایەن ڕەحمان سەلیمی یەوە خوێندرایەوە.
- خوێندنەوەیەک بۆ شێعرەکانی شاعیری شەهید جەلیل ڕەحیمیان کە لایەن ڕەسووڵی سوڵتانی یەوە پێشکێشی ئامادەبووان کرا.
- خوێندنەوەی نامەیەکی شەهید ئەبوو کانیە ڕەشی لە ژێر ناوی» بۆترووسکەی کچم» کە بەر لە شەهید بوونی بۆ کۆرپە ساواکەی نووسیبووی. ئەو نامەیە لە لایەن کوێستان فتوحی یەوە خوێندرایەوە.
- گێڕانەوەی بیرەوەریی تاڵ و شیرین و قسە کردن لە سەر ژیانی سیاسی ئەو دوو شەهیدە لە زمانی هاورێیانی هاوسەنگەری، برایم چووکەڵی، تاهیر قادرپوور، موعتەسەم نوورانی و غەفوور سۆفی.
- خوێندنەوەی چەند کۆپلە شێعرێکی شەهید جەلیل ڕەحیمیان لە لایەن حەلیمە ڕەسووڵی، گۆڕگێری ئەو کۆڕیادە.
- خوێندنەوەی بیرەوەرییەکی چاپکراوی شەهید ئەبوو کانیە ڕەشی کە لە ژێر ناوی «بەش مەینەتان بە لێشاون» کە لە ژمارەی ٤١ ی گۆڤاری لاواندا بڵاو بۆتەوە. ئەو بیرەوەرییە لە زمان سۆران شێرزادەوە لەو کۆریادەدا خوێندرایەوە.
- «دووریێیانە» چیرۆکێکی شەهید جەلیل ڕەحیمیان کە لە خەزەڵوەری ساڵی ٧٠ و دوای شەهید بوونی لە گۆڤاری لاواندا بڵاو ببۆوە، لە لایەن مستەفا مەعرووفییەوە خوێندرایەوە.
- خوێندنەوەی چەپکێک لە شێعرە حەماسییەکانی شەهید جەلیل ڕەحیمیان کە لە لایەن مەسعود فەتحی یەوە خوێندرانەوە.

دوایین بڕگەی ئەو کۆڕیادە پیشاندانی فیلمێکی دیکۆمێنتی لە سەر ژیان و کەسێتیی شەهیدان جەلیل ڕەحیمیان و ئەبوو کانیەرەشی بوو کە لایەن تەلەڤزیۆنی کوردکاناڵەوە بەرهەم هاتبوو.

# بارودۆخی مەترسیداری کەماڵی شەریفی دوای زیاتر لە ٤٠ ڕۆژمانگرتن

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ٤٠ ڕۆژ لە مانگرتنی زیندانی سیاسیی کورد، کەمال شەریفی بارودۆخی جەستەیی ناوبراو کەوتۆتە مەترسیەوە .

بە پێی ئەم هەواڵە، بنەماڵەی کەماڵ شەریفی وتوویانە بەرپرسانی زیندانیان لەو مەترسیانە ئاگادار کردۆتەوە کە هەڕەشە لە گیانی کەماڵ شەریفی دەکەن، بەڵام بەرپرسانی ڕژیم لە زیندانی میناب نە تەنیا هیچ وڵامێکیان بە داخوازییەکانی ئەو بنەماڵەیە نەداوەتەوە، بەڵکوو هیچ هەنگاوێکیشیان بۆ باشتربوونی دۆخی جەستەیی کەماڵی شەریفی هەڵ نەگرتوە.

کەماڵی شەریفی، چالاکی سیاسی و ڕۆژنامەنوسی بەندکراوی کورد داوای کردوە کە لە بەندی ئەو کەسانەی کە بە تاوانی مەترسیدار کەوتوونەتە زیندانەوە، دوور بخرێتەوە و بدرێتە بەندی زیندانیە سیاسییەکان.

جێی وەبیر هێنانەوەیە کە کەماڵی شەریفی بەندکراوی سیاسیی کوردی خەڵکی شاری سەقز لە ساڵی ٨٧ ەوە بە تۆمەتی هاوکاری لە گەڵ یەکێک لە حیزبە



کوردستانیەکانی دژی کۆماری ئیسلامی قۆڵبەست کراوە و لە لایەن دادگای شۆڕشی ڕژیمەوە سزای ٣٠ساڵ زیندان و دوورخرانەوە بۆ زیندانی مینابی بە سەردا سەپاوە.

## بەیاننامە:

# فشار هێنان بۆ سەر موجاهیدین، کادۆیەکە بۆ کۆماری ئیسلامی

حەوتووی رابردوو دوای گەڕانەوەی وەزیری دەرەوەی عێراق لە سەفەری تاران دەوڵەتی عێراق جارێکی دیکە رای گەیاند کە رێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێران دەبێ

**ئەو فشارەی دەخرێتە سەر موجاهیدین، ئەگەر رێگا چارەیەکی گونجاوی بۆ نەدۆزرێتەوە، بێگومان سەر دەکێشێتە گەورەترین شەرمەزاری بۆ دەوڵەتی نوێی عێراق کە لێی چاوەڕوان دەکرا نموونەیەک بێ لە سیستمێکی دێموکڕاتیک و گەلی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا**

کەمپی ئەشرەف لە رۆژهەڵاتی بەغدا چۆڵ بکاو هەتا کۆتایی ساڵی ٢٠١١ی زایینی هەموو ئەندامانی ئەو رێکخراوە خاکی عێراق بەجێ بێڵن. ئەمجارەیان بە رواڵەت میکانیزمێکی گونجاوتر بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارە دۆزراوەتەوەو پێشنیار کراوە لیژنەیەکی سێ قۆڵی لە نوێنەرانی دەوڵەتی ئێران و نوێنەرانی دەوڵەتی عێراق و نوێنەری خاچی سووری نێودەوڵەتی پێک بێ، بۆ ئەوەی گۆیا کارئاسانی بۆ گەڕانەوەی ئەو موجاهیدانە بکەن کە دەیانەوێ بگەڕێنەوە ئێران، یان بە زمانێکی دیکە بڵێین ئەمان نامە لە جەللادەکانی کۆماری ئیسلامی وەربگرن.

ئەگەر لە بیرمان بێ لە دوای هێرشی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بۆ سەر عێراق رووخانی رێژیمی سەدام حوسێن ئەمریکا هەموو چەکەکانی موجاهیدینی وەرگرت و کەمپی ئەشرەفی خستە ژێر چاودێریی توندی هێزەکانی لە عێراق لەسەر ئەو بناخەیە کە ئەمنییەتی هێزەکانی ئەو رێکخراوە لە پەلاماری نیزامیی ئێران و عێراق دابین بکرێ. کەچی بەداخەوە دیتمان کە لە ماوەی حەوت ساڵی رابردوودا دانیشتووانی کەمپی ئەشرەف چەند جار کەوتوونە بەر پەلاماری هێزەکانی هەردوو دەوڵەتی ئێران و عێراق و ئەمریکاش دژکردەوەیەکی یەکلاکەرەوەی لە خۆی نیشان نەداوە.

ئێستا ئەوە دەبینین جارێکی دیکە ئەو برینە سەری هەڵداوەتەوە و داوا دەکرێ لە ماوەی شەش مانگ و تەنیا لە شەش مانگ دا چوار پێنج هەزار ئەندامی یەکێک لە گەورەترین رێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی خاکی عێراق بەجێ بێڵن. بە زمانێکی سادە داوا لە موجاهیدین دەکرێ



خۆیان تەسلیمی رێژیمی ئێران بکەنەوە تا قینی دەیان ساڵەی خۆی بە وان بڕێژێ و زیندان و ئەشکەنجەو ئیعدام و دوور خرانەوە و رەفتاری دژی ئینسانییان بەسەردا دابەش بکا.

سەیر ئەوەیە لیژنەیەک کە پێشنیار دەکرێ بەناو بۆ چارەسەری گیروگرفتی موجاهیدین پێک بێ، نە نوێنەری موجاهیدینی تێدایە، نە نوێنەری دەوڵەتی ئەمریکا کە پاراستنی ئەمنییەتی ئەوانی وەئەستۆ گرتوە. سووچێکی ئەو لیژنەیە نوێنەرانی رێژیمێک پێکی دێنن کە زیاتر لە ٣٠ ساڵە خوێنی موجاهیدین و هێزەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران دەخواتەوەو هێشتا تینووەتیی نەشکاوە، سووچێکی دیکەی لە نوێنەرانی دەوڵەتی عێراق پێک دێ کە

لەگەڵ ئەوەی دەریایەک خوێن و فرمێسک لە نێوانیاندا هەیە، ئێستا بۆ رازیکردنی ئاخوندە خوێنخۆرەکانی قوم و تاران حازرە گەورەترین بەدناوی بۆخۆی بکڕێ و لە قەڕنی ٢١ دا بە هەزاران تێکۆشەری سیاسی، تەسلیمی ئێران بکاتەوە. دوا سووچی ئەو سێ کوچکەیەش نوێنەرانی خاچی سووری نێودەوڵەتی پێک دێنن کە ئەگەر هیچی دیکەی لەسەر نەڵێین، لانی کەم سەلماندوویەتی لە لەو جۆرە حاڵەتانەدا موعجیزەیەکی لەدەست نایە و تەسلیمی ویستی دەوڵەتەکانە. بەو جۆرە چارەنووسی هەزاران تێکۆشەری دژی کۆنەپەرستی دەبێتە قوربانیی هێندێ سات و سەودای دەوڵەتانی ئێران و عێراق.

ئەو فشارەی دەخرێتە سەر موجاهیدین، ئەگەر رێگا چارەیەکی گونجاوی بۆ نەدۆزرێتەوە، بێگومان سەر دەکێشێتە گەورەترین شەرمەزاری بۆ دەوڵەتی نوێی عێراق کە لێی چاوەڕوان دەکرا نموونەیەک بێ لە سیستمێکی دێموکڕاتیک و گەلی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. هەر لەو کاتەدا یەکێک لە سامناکترین کارەساتە ئینسانییەکانی لێ دەکەوێتەوە و گیان و ئەمنییەتی بە هەزاران چالاکی سیاسی دەخاتە مەترسییەوە. ئەزموونی سێ دەیەی رابردوو نیشانی داوە ئەوانەی بە هەڵە خۆیان تەسلیمی رێژیمی ئاخوندی دەکەنەوە چ چارەنووسێکی رەش و نادیار چاوەڕوانیانە. خۆ ئاشکراشە وڵاتانی دەرەوە بە هیچ جۆر مل بەوە نادەن لە ماوەیەکی کورتی شەش مانگەدا پەنای سیاسی بە هەزاران چالاکی سیاسیی ئێرانی بدەن و لە مەترسی رزگاریان بکەن.

کارەساتێکی لەو بابەتە دەتوانێ بە جیددی ئیعتباری دەوڵەتی ئامریکاش بخاتە ژێر پرسیارەوە. ئاخر جگە لەوەی ئەو وڵاتە بەرعۆدەی پاراستنی ئەمنییەتی دانیشتووانی کەمپی ئەشرەف بووە، تا ئێرەش بە کردەوە بەهێزترین لایەنی بڕیاردەر لە عێراقە و لە راستیدا ئەم کارەساتە ئەگەر رووبدا وەک ئەوە وایە کە لە سێبەری دەسەڵاتی ئامریکا دا رووی دابێ.

ئێمە وێڕای بەداخبوون لەو بڕیارە بە پەلە و هەڵنەسەنگاوەی دەوڵەتی عێراق، هیواداریـن بە زوویی چاو بەو بڕیارەدا بخشێندرێتەوە و پێش بە رووداني کارەساتێکی لەو بابەتە بگیرێ. بێگومانین لە تەسلیم بوونی عێراق بە داخوازی دژی ئینسانیی رێژیمی تاران هیچ خزمەتێک بە ئیعتبار و ناوبانگی ئەو دەوڵەتە ناکا. هەر لەو کاتەدا پێمانوایە دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا پێویستە بۆ پاراستنی ئیعتباری خۆی و بە جێ هێنانی بەرپرسایەتییە نێودەوڵەتییەکانی، پێشی هەنگاوی لەو بابەتە بگرێ. بەهەر حاڵ ئێمە ئەو فشار هێنانە مەحکووم دەکەین و بە ئاواتین هەموو ئازادیخوازانی ئێران و ناوچە دەنگی نارەزایەتیی خۆیان بەرامبەر بەو پیلانە بەرز بکەنەوە.

**حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٠١١/٦/٢٧**
**١٣٩٠/٤/٤**

# نامە بۆ راپۆرتۆری تایبەتیی شوورای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان

**بۆ سەرنجی رێزدار ئەحمەد شەهید!**
**راپۆرتۆری تایبەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران!**

لە گەڵ رێز و سڵاو،

بە درێژایی زیاتر لە سێ دەهەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، نەتەوەکانی ئێران و کەمایەتی‌یە ئێتنیکی و ئایینی‌یەکانی ئەو وڵاتە لە ریزی پێشەوەی ئەو چین و توێژانەدا بوون کە مافەکانی مرۆڤیان لەلایەن ئەو رێژیمەوە پێشێل کراوە. لەنێو ئەو گرووپانەشدا، بەتایبەتی کوردەکان لە ئێران بەشێوەی بەربڵاو و سیستماتیک بوونەتە قوربانیی سیاسەتی سەرکوت و چەوساندنەوە.

ئەو سیاسەتە هەموو بوارەکانی سیاسی و فەرهەنگی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی گرتۆتەوە. کوردەکان هەم وەک سەرجەم هاووڵاتیانی دیکەی ئێران لە ئازادی‌یە گشتی و مافە دێموکراتیکەکانیان بێبەشن، هەم بەهۆی جیاوازیی نەتەوایەتی و ئایینی‌یان کەوتوونەتە بەر ستەم و هەڵاواردن. لە ئێران خوێندن بە زمانی کوردی قەدەغەیە و ناوچە کوردنشینەکان بەئەنقەست لە گەشەسەندنی ئابووری و مرۆیی بێبەش کراون.

هەمیشە وڵامی رێژیم بە هەوڵ و ئارەزووی کوردەکان بۆ باشکردنی وەزعییەتیان لە رێگای دێموکراتیک و ئاشتیخوازانەوە بەکاربردنی توند و تیژیی ئاشکرا و مەترسیی دائیمی لەسەر ژیان و ئەمنییەتی خەڵکی کوردستان بووە. ئەو توند و تیژی‌یە کە لە ساڵەکانی پاش ئینقلابی ئیسلامی‌دا لە شکڵی مێلیتاریزە کردنی کوردستان و بەڕێوە بردنی شەڕ بە دژی خەڵکی کوردستان‌دا بەڕێوە دەچوو، دواتر و بەتایبەت لەدوای هاتنە سەرکاری مەحمود ئەحمەدینژادەوە چۆتە قالبی ئەزیەت و ئازاری دائیمیی خەڵکی مەدەنی بەتایبەتی رووناکبیران و بژاردەکانی کۆمەڵگا. لە ئێران هەر چەشنە چالاکی‌یەکی سیاسیی رێکخراو لەلایەن کوردەکانەوە قەدەغەیە و چالاکیی فەرهەنگیی وان بەربەست دەکرێ. چالاکانی مەدەنی و سیاسی هەردەم لە مەترسیی زیندان و شکەنجە



و ئێعدامدان و هێزەکانی رێژیم بەتایبەتی لە ناوچە سنووری‌یەکان دەستیان بۆ تەقەکردن لە خەڵک ئاوەڵایە.

تەنیا لە ماوەی نێوان بەهاری ٢٠١٠ تا بەهاری ٢٠١١دا، ١٦٥ کەس لە هاووڵاتیانی کورد بە تەقەی هێزەکانی رێژیم کوژراون یان برینداری کراون. هەر لەو ماوەیەدا ٤٩٨ کەس لە خەڵکی کوردستان بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی و مەدەنی دەستگیر کراون کە ١٢٦ کەسیان سزای تا ٢٠ ساڵ زیندانیان بەسەردا سەپاوە. لە سێ مانگی نێوان ئەو رۆژەی شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری دیاریکردنی راپۆرتۆری تایبەتی بۆ دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێرانی پەسند کردووە تا ئەو کاتەی جەنابتان بۆ ئەو پۆستە هەڵبژێردراون، لانیکەم ٢٠ کەس لە کوردستان بە دەستی هێزە ئەمنییەتی و ئینتزامییەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون، ٨٣ کەس بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی دەستگیر کراون کە ٣١ کەسیان سزای تا ٢٥ ساڵ زیندانیان بەسەردا سەپاوە. لە یەک ساڵی رابردوودا ، ٨ چالاکی سیاسیی کورد لە ئێران ئێعدام کراون (١) و هەر ئێستا ١٢ چالاکی دیکەی کورد لە ژێر مەترسیی ئێعدام دان(٢).

**بەڕێز راپۆرتۆری تایبەتی!**

ئێمە وەک حیزبێکی قەدەغەکراوی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بە ئەزموون و ناسیارییەک کە لەو رێژیمەمان هەیە زۆر باش لە ئەستەمیی ئەو مەئمووریەتە دەگەین کە بە جەنابت سپێردراوە. بەڵام دڵگەرم بەوە کە دێموکرات و ئازادیخوازێکی بە شەهامەتی وەک جەنابت بۆ ئەو پۆستە هەڵبژێردراوە، هیواداری دەردەربڕین کە بازنەی ئەو سەرچاوانەی بەهۆی رێگەنەدانی حکومەتی ئێران بۆ سەردانی ئەو وڵاتە بەکاریان دەبەی فراوان بکەیەوە. لەو نێوەشدا بەتایبەتی چاوەڕوانیی ئەوەمان لێتان هەیە کە لە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونەکانتاندا ئاوڕی جیددی لە بارودۆخی مافی مرۆڤی کوردەکان لە ئێران بدرێتەوە و لە راپۆرتەکانتان بۆ شووڕای مافی مرۆڤ و کۆڕی گشتی‌دا بە رِوونی ئاماژەی پێ بکرێ. بێگومان لەو پێناوەشدا دەتوانی لەسەر هاوکاریی ئێمە بۆ دانی زانیاریی باوەڕپێکراو و رێک و پێک حیساب بکەی.

لەگەڵ ئارەزووی سەرکەوتن بۆ مەئمووریەتەکەی جەنابت و وەدیهاتنی ئامانجەکانی ئەو مەئمووریەتە کە ئامانجی ئێمەشن.

**حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٥ی ژووئیەی**
**٢٠١١ ی زایینی**

(١) ئێحسان فەتاحیان، فەسیح یاسەمەنی، فەرزاد کەمانگەر، عەلی حەیدەریان، فەرهاد وەکیلی، شیرین عەلەم هوویی، حوسێن خزری، فەرهاد تارم.

(٢) زێنەب جەلالیان، حەبیبوڵڵا لەتیفی، حەبیبوڵڵا گوڵپەری پوور، شێرکۆ مەعاریفی، ئەنوەر رۆستەمی، سەید جەمال محەممەدی، سەید سامی حوسێنی، عەزیز محەممەد زادە، عەبدوڵڵا سەروەریان، زانیار مرادی، لوقمان مرادی.

# هەڵبژاردن، لە نێوان ئۆپۆزیسیۆن و پۆزیسیۆندا

ڕێبوار مەعرووف زادە

بابەتی هەڵبژاردن لە نێو پێکهاتەی سیاسیی ئێراندا یەکلاکەرەوەیە یا فۆرمالیتە؟

دژبەرانی کۆماری ئیسلامی بوونی ولایەتی فەقیه ، شووڕای نیگابان و بەگشتی بوونی یاسای نادادپەروەر بە هۆکاری رووکەش بوونی هەڵبژاردن لە قەڵەم دەدەن. ئەوە لە حاڵێکدایە ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتی بایکۆتکردن بە واتای چوونە دەرەوە لە کایە سیاسییەکانی وڵات دەزانن و سیاسەتی بایکۆتکردن وەک کەمتەرخەمی لە هەمبەر دوارۆژی خەڵک و وڵات لۆمە دەکەن. بەڵام، لە نێوان ئۆپۆزیسیۆن و پۆزیسیۆندا، ڕوانینی دروست و ئەقڵانی بە نیسبەت هەڵبژاردن چییە؟

١. هەڵبژاردن بەدەر لە ئازاد و دادپەروەرانە بوون، مکانیزمێکە بۆ شەرعیەت وەرگرتن. دروشمەکان، وتار و هەڵسوکەوتەکان لە ڕەوتی هەڵبژاردن پێکەوە بەشدار دەبن لە پێناسە کردن، هەڵسەنگاندن، چۆنیەتیی مان یا نەمان و... بە گشتی بەشدار دەبن لە دەستنیشان کردنی ئاسۆی حکوومەتکردن.

دیارە هەر مکانیزمێک و دواجار هەر هەڵبژاردنێک، کە پۆتانسیەلی سەقامگیری و شەرعیەت بەخشی هەبێ، توانایی خەوشدار کردن و قەیران دروستکردنیشی دەبێت. بەم پێیە هەر چەشنە هەڵبژاردنێک، بەهێزی یان لاوازی، ڕەوایی یان ناڕەوایی زیاتری دەسەڵاتی لێدەکەوێتەوە. دەرئەنجام کاتێک ڕێژیمێکی ئیدئۆلۆژیک لە ڕێوشوێنێک کەڵک وەردەگرێ تا بە خەڵکی نێوخۆ و جیهان نیشان بدا کە لە جوغرافیای سیاسیی ئێراندا خاوەن پێگەیە، خەڵک ناچار بە تەسلیم بوونێکی سیاسی و مەدەنی بکا، خەڵکی ناڕازییش دەتوانن وا بجووڵێنەوە کە ڕێژیم بەدەر لە هێزی چەک و مەچەک شتێکی دیکە شک نەبا. بە واتایەکی دیکە چۆنیەتیی چالاکبوونی خەڵک لە هەڵبژاردن دەتوانێ ڕوخساری سەرەڕۆیانە و دژەمرۆڤی کۆماری ئیسلامی دەربخا. بەم شێوەیە پلان و ویستی خەڵکی ناڕازی لەو کاتەدا، لەو شوێنەدا، لەو ڕێوشوێنەدا و لە ڕاستیدا لەو هەڵبژاردنەدا دەتوانێ لە بەرامبەر تێز و ئیستراتژیی «ڕێپێوانی حکوومەتی» ئانتی تێز و ئیستراتژی «خۆپیشاندانی ناڕەزایەتی» بەرهەم بێنێت.

٢. بەشداری لە هەڵبژاردن پرۆسەیە نەک پرۆژە. بەشداری لە




هەڵبژاردن نەخشەیەکی داڕێژراوی کۆرتخایەنی چوارچێوەدار بە دەرەنجامێکی دیاریکراو نییە. بەڵکوو، ڕەوتێکی درێژخایەنی گشتگیری چەند قۆناغییە بە دەرئەنجامێکی ناڕوون.

ئەگەر دەرئەنجام وەک ئاکامی هەڵبژاردن لێک بدەینەوە، سیستمی سیاسیی ئێران بە لەبەرچاوگرتنی ڕووداوەکانی دوای هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرۆک کۆماری، نە لە ڕوانگەی خەڵکی نێوخۆ و نە لە ڕوانگەی بیروڕای جیهانی ، شەرعیەتی ڕاگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی نییە بەڵکوو، ئەوە فەزای شەقامە کە براوەی ڕاستەقینە دیاری دەکا.

دیارە کاتێک دەسەڵات لە بەرامبەر شەپۆلی ناڕەزایەتی توندوتیژی و چەک بەکار دەهێنێ ڕێک بەو واتایەیە کە دان بە نەمانی حاکمییەتی سیاسی و یاسایی خۆیدا دەنێت. بەم هۆیەوە ڕێژیم کات، هێزی ماددی و ئینسانیی فراوان تەرخان دەکا تا لە پرۆسەیەکی ئەمنییەتیدا خۆی لە قەیرانی حاکمییەت دەرباز بکا. بەم شێوەیە بابەتی بەشداری لە هەڵبژاردن لە ئێراندا بە سێ هۆ پرۆسەیە:

الف) هەڵبژاردن بابەتێکی پرۆژە هەڵگرە: لە سێ قۆناغی جیاواز لە پێش هەڵبژاردن، ڕۆژی هەڵبژاردن، دوای هەڵبژاردن، پرۆژەی جۆراوجۆر لە شوێنە جیاجیاکانی وڵات لەلایەن دەزگاکانی حکوومەتی وەک شووڕای نیگابان، ڕاگەیاندن، ئیتلاعات، بەسیج و ... ئەنجام دەدرێ.

ب) بەشداری لە هەڵبژاردن بابەتێکی گشتی و گشتگیرە: ڕێژیم پلان و نەخشەی ڕەنگاوڕەنگ لە هەموو شار و گوندەکانی وڵات بە مەبەستی بە چۆکداهێنانی سیاسی و مەدەنیی خەڵک بە کار دێنێ.

ج) هەڵبژاردن بابەتێکی درێژخایەن و کات هەڵگرە: هەر هەڵبژاردنێک لە هەڵبژاردنی خولی پێشوو تەئسیر وەردەگرێ، لە هەڵبژاردنی خولی داهاتوودا کاریگەر دەبێ.

بەم شێوەیە بابەتی هەڵبژاردن لە ماوەیەکی زەمەنی درێژخایەندا، جێگەی باس و مشتوومڕ بە واتایەکی دیکە لە کۆمەڵگە زیندووە.

پرۆسە بوونی هەڵبژاردن لە خولی دەیەمی سەرۆک کۆماری بە ڕوونی دەرکەوت کاتێک خەڵکی ناڕازی لە « پرسیار لە دەنگی خۆ کردن» گەیشتنە «پرسیار لە مافی خۆکردن» لە ڕاستیدا لە ڕەوتی هەڵبژاردنەکاندا زۆر چەمکی وەک ئازادیی ڕادەربڕین، مافی تاکەکەسی، سێکۆلاریسم (کۆماری ئێرانی) و..

٣- خوێندنەوەی ئیدئۆلۆژیک بۆ هەڵبژاردن گەورەترین هۆکاری ناکارامەیی ئۆپۆزسیۆن:

ئۆپۆزیسیۆن بە هێندێک گریمانە و ئیدئالەکانی خۆی، بە بێ بوونی لە ناو ئەمری واقیع، بە بێ سنووربەندی لە نێوان خەڵکی نارازی و بێ لایەن ڕۆڵ دەگێڕێ. هەڵبەت ڕۆڵگێڕانی هێندێک لەو لایەنانە بە دەرکردنی یەک ڕاگەیەندراوی بەشداری نەکردن کۆتایی پێدێ. گوتنی «نا بۆ هەڵبژاردن» لە سەرێڕا بە شێوەی فەرماندان، نەبوونی بەرنامە بۆ وردکردن و شی کردنەوەی ئەو « نا بۆ هەڵبژاردنە» لە نێو گرووپە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەدا، دەرگا دەخستنی خەڵکی ناڕازی لە فەزای گشتی و شەقام (بایکۆتکردن بە شێوەی تاکەکەسی و لە فەزای شەخسی»، بە گشتی بە دەرفەت نەزانینی هەڵبژاردن و بە شێوەی پرۆسە هەڵسوکەوت نەکردن لەگەڵ ئەم بابەتە وایکردووە سنوورێک لە نێوان ناڕەزایەتی و کەمتەرخەمی نەمێنێت.

# تووشبوون بە مادده هۆشبەرەکان گەورەترین خەساری کۆمەڵایەتیی سەدەی بیست و یەکەم

## (بە بۆنەی ٥ی پووشپەڕ ڕۆژی جیهانیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مادده هۆشبەرەکان)

مەحموود شەریفی

وەرگێڕان بۆ کوردی: مەسعوود فەتحی

هەرچەند پەرەسەندنی بوارەکانی ژیان، پێشکەوتنی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی پیشەسازی و تەکنۆلۆژیا بوونەتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ ئاسوودەتر بژی، بەڵام لە لایەکی دیکە بۆتە هۆی پەیدابوونی دیاردەی کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆر. زێدەڕۆیی نییە ئەگەر تووشبوون بە مادده هۆشبەرەکان بە گەورەترین خەساری کۆمەڵایەتیی هەنووکە لە قەڵەم بدەین. لە لایەک بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ئەو ماددانە لە لایەن مافیای جیهانی یەوە یەکێک لە سێ سەرچاوە گەورەکانی داهاتی جیهانە و لە لایەکی دیکەوە ئەو ماددانە بوونەتە هۆی دابڕانی مرۆڤ لە کەسایەتیی خۆی.

کاریگەری خراپی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان لە کۆتایی سەدەی بیستدا گەیشتە ئەو ڕادەیە کە وڵاتانی جیهان بۆ پەیدا کردنی ڕێگەچارەیەک لەو پێوەندییەدا بەرعۆدە بکات. بەم پێیە لە کۆنفڕانسێک لە شاری ڤییەن لە ڕێکەوتی ٢٦ی ژووئەنی ١٩٨٧، ویستی کۆمەڵگای جیهانی بۆ خەبات بە دژی مادده هۆشبەرەکان لە چوارچێوەی پەیماننامەیەک بە ناوی c.m.o دەرکەوت.

ئەو پەیماننامەیە شێوازی هەمەلایەنەی کار لە پێوەندی لەگەڵ کۆنترۆڵی مادده هۆشبەرەکانی لە لایەن وڵاتانی بەشداربوو لە کۆنفڕانسدا، دیاری کرد. هەروەها ئەو وڵاتانەی بەرپرسیار کرد تا لە پێوەندی لەگەڵ خەبات بە دژی قاچاخی مادده هۆشبەرەکاندا شێوازێکی لێبڕاوانە بگرنەبەر. لەو کۆنفڕانسەدا بەڵگەنامەیەک داڕێژرا کە زیاتر لە ٣٥ خاڵی بە کردەوەی لەخۆ دەگرت وەک: هەڵسەنگاندنی ڕێژەی بەکارهێنان، پێشگرتن لە ڕێگای پەروەردەوە، ڕۆڵی ڕاگەیاندنەکان بۆ گەڕانەوەی گیرۆدەکان بۆ باوەشی کۆمەڵگە و چارەسەریان، خاشەبڕکردنی کێڵگەکانی خەشخاش، هەڵتەکاندنی گەورە تۆڕەکانی قاچاخی مادده هۆشبەرەکان، هاوکاریی حقووقیی وڵاتان و...

ساڵرۆژی پەسەند کردنی ئەو بەڵگەنامەیە ( ٢٦ی ژووئەن بەرامبەر لەگەڵ ٥ی پووشپەڕ) وەک ڕۆژی جیهانیی خەبات بە دژی مادده هۆشبەرەکان دیاری کرا. ئیعتیاد بە بەستراوەیی جەستەیی و دەروونیی کەسێک بە بەکارهێنانی یەک یا چەند ماددەی تایبەت دەکوترێ، بە شێوەیەک کە وازهێنان یا بەکار نەهێنانی ئەو ماددەیە تێکچوونی باری جەستەیی و دەروونی ئەو کەسەی لێ دەکەوێتەوە. بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لە ئێراندا ڕابردوویەکی لەمێژینەی هەیە تا ئەو جێگەیەی کە لە کۆتاییەکانی دەورانی قاجارییە، بەرهەمهێنان و هەناردەی تریاک گرینگترین داهاتی پووڵی وڵاتت لە خۆ دەگرت. لەو پێوەندییەدا تا ساڵی ١٣٤٧ هیچ جۆرە قانوونێک بۆ پێشگرتن لە بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی ئەو ماددەیە (تریاک) نەبووە ئێران بە هەڵکەوتن لە ڕێگەی گواستنەوەی ماددەی هۆشبەر لە ئەفغانستان و پاکستانەوە بۆ یەکیەتیی ئورووپا، لە ئێستادا هەرچی زیاتر لە پێشوو کەوتۆتە بەر هەڕەشەیماڵوێرانکەری ئیعتیاد. بەدەر لە پڕوپاگەندەی ڕاگەیاندنی دەوڵەت بۆ خەبات و لە نێوبردنی تۆڕەکانی قاچاخی ماددەی هۆشبەر و تۆمەتبارکردنی ڕۆژئاوا و وڵاتانی بیانی، بە بەراورد کردنی ڕادەی بەکارهێنان و ڕێژەی تووشبووان بە مادده هۆشبەرەکان بۆمان دەردەکەوێ کە نەتەنیا لەو خەباتەدا سەر نەکەوتوە بەڵکوو، لە زۆر شوێن دا خۆی چۆتە ڕیزی مافیای جیهانی و ڕووی کردۆتە بازرگانیی مادده هۆشبەرەکان. گەندەڵیی دەوڵەتی و پەلکێش بوونی منداڵانی بەرپرسان بۆ ئەو بازرگانییە پڕ سوودە، ماددەی هۆشبەری کردۆتە ماددەیەک کە هەمووان بە ئاسانی دەستیان پێی دەگا. بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوە دەوڵەتییەکانی ئێران هەنووکە ٢ میلیۆن تووشبووی شناسنامەدار لە ئێراندا هەیە و ئەگەر هەر بنەماڵەیەک ٥ کەس دابنێین، ئەوە ١٠ میلیۆن کەس لە پێوەندی ڕاستەوخۆ بە تووشبووانی مادده



هۆشبەرەکان دان.

کاریگەرییەکانی جەستەیی و دەروونیی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لەسەر کەسی تووشبوو تا ئەو ڕادەیەیە کە تێکڕای بنەماڵە و کەسانی نزیکی تووشی گرفت دەکا. لەو کۆمەڵگەیانەی کە زانیاریی پێویست لەسەر چۆنییەتی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ تووشبووان نییە، ئەو نەخۆشییە دەبێتە نەخۆشی نکۆڵی کردن و پێش بەوە دەگرێ کە کەسی تووشبوو و بنەماڵەکەی بە شوێن چارەسەرییەکی یەکجارەکی بن. چاوخشاندنێک بە پڕۆپاگەندەی تەلەڤیزیۆنە ئاسمانییەکانی فارسی زمان بە نیسبەت مادده هۆشبەرەکان ئەوە دەردەخا کە تا چ ڕادەیەک گرفتی تووشبوون بە ماددەی هۆشبەر، بنەماڵەکانی تووشی کێشە کردوە. بەداخەوە کەسانی هەلپەرست بازاڕی فرۆشتنی ماددەی چارەسەری ئیعتیادیان کردۆتە پیشەسازییەک کە لەگەڵ خودی فرۆشتنی ماددەی هۆشبەر ڕکابەری دەکا. دیارە هەوڵ بۆ وازهێنانی خێرا و بێ ئێشی تووشبووان لە ڕێگەی داوودەرمانی تەبلیغی ئەو ڕاگەیەندنانە ناتوانێ گرفتێک لە گرفتەکانی ئەو کەسانە و بنەماڵەکانیان کەم بکاتەوە. چونکە جەخت کردنە سەر بەتاڵکردنی لەش لەو مادده ژەهراوییانە بە بێ لەبەرچاو گرتنی هۆکارەکانی تووشبوون بە مادده هۆشبەرەکان وەک: هۆکاری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و تاکەکەسی تەنیا ئارامکەرەوەیەکی کاتییە و بە بێ لەنێو بردنی هۆکارەکانی تووشبوون، بەکارهێنانی دووبارەی مادده هۆشبەرەکان لە لایەن ئەو کەسانەی لێدەکەوێتەوە. ئەزموونە زانستییەکان ئەوە دەردەخەن کە تا کاتێک لە کۆمەڵگەیەکدا داواکاری بۆ مادده هۆشبەرەکان هەبێ، خستنە ڕووشی بوونی دەبێت، کەوایە تاکە ڕێگەی خەبات بە دژی مادده هۆشبەرەکان هوشیار کردنەوەی خەڵک و فەرهەنگ سازییە.

لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا باری قورسی ئەو بەرپرسیارەتییە دەکەوێتە سەر شانی ڕێکخراوە (NGO) کان و ئەوان لەو پێوەندییەدا تا ڕادەیەکیش سەرکەوتوو بوون. بەم پێیە هەنووکە کە حاکمییەتی ئێران بە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە لە پەیدا بوونی ئەو خەسارە کۆمەڵایەتییە کەڵک وەردەگرێ، پێویستیی کاری فەرهەنگی و بەهێزکردنی NGOکان تاکە ڕێگەی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەو بەڵا ماڵوێرانکەرەیە.

# ٢٠ ساڵەی شەهید بوونی دوو بەهرە و دوو قەڵەمی شۆڕشگێڕ

قادر وریا

چ زوو تێپەڕ بوو! دەڵێی دوێنێ بوو کە خەبەریان هات و ئەو ناوەی خستە ماتەم. خەبەر هات کە لە «حوسێن مامە»، لە سەر ڕێگای بۆکان ـ میاندواو، دوو شۆڕەسواری دێموکرات، دوو پێشمەرگەی بە بیرو باوەڕ، دوو کادری لێزان و تێگەیشتوو، دوو بەهرەی بواری ئەدەب و نووسین، بە هۆی هێزێکی زۆری کۆماری ئیسلامییەوە گەمارۆ دراون.

ئێستا هەژارانی گوند، کچان و کوڕانی تاسەبار و تامەزرۆی ساتێک دیدار و پەیڤین لەگەڵ ئەبوو و جەلیل، دەستە و دوعا ڕاوەستاون. بڵێی ئەمجارەیان خۆشەویستانی ئەوان و سەرجەم خەڵکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەری ناوچەکانی مەحاڵ و پیرمحەممەد و ئەحمەدی کۆر و شاری بۆکان، لەم هێرش و گەمارۆ ئەهریمەنییە، ڕزگاریان بێ؟

*

ئێوارە بوو دی نوقمی دووکەڵ و بۆنی سووتمان. زیاتر لە سەعاتێک بوو ئەو ماڵەی دوو لاوە دێموکراتەکە سەنگەریان لێ گرتبوو، ببووە نیشانەی گوللەی ئارپیجی و توپی ١٠٦. ئەوان وەک لێیان چاوەڕوان دەکرا، گاڵتەیان بە داوای خۆ بەدەستەوەدان هاتبوو و هەتا دوا فیشەک، هەتا دوا هەناسە دەستیان کردبۆوە. بەڵام هێزی پەلاماردەر نەیوێرابوو بچێتە سەر تەرمەکانیان. هەر بۆیە بە لۆدێر، خانووەکەیان بەسەر دا رووخاندبوون و کاتێک دڵنیا ببوون کە شەهیدیان کردوون، تەرمەکانیان لەگەڵ خۆیان دا بردبوو.

* * *

٢٠ ساڵ لەمەوبەر، دوانیوەڕۆی ١١ی پووشپەڕی ١٣٧٠، حیزبی دێموکرات دوو ڕۆڵەی بە نرخی خۆی لە شەڕێکی نابەرابەر لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئاوایی حوسێن مامەی ناوچەی بۆکاندا، لە دەست دا. یەک لەو دوو کەسە، «ئەبووبەکر خزری» ناسراو بە ئەبوو کانیەڕەشی بوو.

ئەبوو کانیەڕەشی، خەڵکی ئاوایی کانیەڕەشی ناوچەی پیرمحەممەدی بۆکان بوو. ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی لە داوێنی بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشی کانیەڕەش دا گەورە بوو، تا قۆناغی ئامادەیی درێژەی بە خوێندن دا. تێکۆشانی حیزبی و خەباتگێڕانەی لەیەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانەوە دەست پێ کرد. خولیای شانۆ و شانۆگەری ئەوی بۆلای یەکیەتیی لاوان ڕاکێشا. ئەبوو لەیەکیەتیی لاوان دا، خۆی پێگەیاند. ژیان لە ئامێزی خەڵکی زەحمەتکێش و تامەزرۆی ئازادیدا و تێکۆشان لە نێو کۆڕی لاوانی بێبەش، بەڵام پڕ هەست و دڵپڕ لە ئەوینی نیشتمان، بۆ ئەبوو کانیەڕەشی سەرچاوەی فێربوون بوون. ئەبوو، کە لە باری نیزامی و پێشمەرگایەتییەوە، لاوێکی ئازا، بەورە و لە خۆ بردوو بوو، گرینگیی زۆریشی بە کاری سیاسی، تەبلیغاتی، فێربوون و فێرکردن دەدا و کەسێکی دیاری نێو کاروباری هونەری و فەرهەنگیی یەکیەتیی لاوان بوو. بەهۆی لێهاتوویی جۆراوجۆر، پلەکانی بەرپرسایەتیی هەر لە بەرپرسی یەکیەتیی لاوانی بۆکانەوە، تا سەرپەرستی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات، بڕی. لە ڕوانگەی ئەو لاو و نەوجەوانانەی هاوڕێ و هاوکار و هاو ئۆرگانی بوون، ئەبوو، مامۆستا و ئۆلگوو بوو و بەردەوام هەڵسوکەوت و کارو کردەوەی جوانی لێ فێر دەبوون.

سەرەتای ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی، ئەبوو کانیەڕەشی، وەک کادری تەشکیلاتیی حیزب لە ناوچەی بۆکان دەست بەکار بوو. خەبات دژی نابەرابەریی کۆمەڵایەتی و باوەڕی قووڵ بە خەبات بۆ نەهێشتنی چەوسانەوەی چینایەتی، شانبەشانی خەبات دژی ستەمی نەتەوەیی و ڕۆشنگەری لە دژی دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی، ئەو تایبەتمەندی و باوەڕانە بوون کە ئەبوو کانیەڕەشییان پێ دەناسرایەوە.

ئەبوو، ئەوەندە ئۆگری خوێندنەوەو نووسین بوو کە لە ریزی نووسەرانی گۆڤاری «لاوان» دا جێگای خۆی کردەوە. هەوێنی نووسینەکانی ئەبوو کانیەڕەشی، ئەو ڕووداو و ڕاستیانە بوون کە لەژیان و تێکۆشانی خۆی لە نێو خەڵکی ڕەش و ڕووت دا، تووشیان دەبوو. ئەو، لە بێبەشی و مەینەتییەکانی خەڵکێک کە خۆشیان دەویست و خۆشی دەویستن، ئیلهامی وەردەگرت و بە هۆی ئەوانەوە لەسەر ڕێبازی خۆی کە خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بوو، شێلگیرتر دەبوو.

ئەبوو کانیەڕەشی، لەگەڵ ئەوەی دەیزانی کارو تێکۆشانی خەباتگێڕانە لە ناوچەی میلیتاریزە کراوو لە نێورایەڵکەی سیخوڕان و بە کرێگیراوانی ڕێژیم دا چەندە پڕ مەترسییە و، سەرەڕای ئەوەی خۆشەویستی و ئۆگرییەکی زۆری بۆ هاوسەر و بەرهەمی ژیانی هاوبەشیان، «تروسکە»ی کچی هەبوو، بێپەروا لە مردن و دابڕانی هەمیشەیی لەژیان و لە خۆشەویستان، ڕووی دەکردە قووڵایی ناوچەی پڕ مەترسیی شوێنی تێکۆشانی حیزبیی خۆی. لە نووسینێک دا کە ساڵێک ومانگ و نیوێک بەر لە شەهید بوونی بۆ کۆرپە چەند مانگەکەی لە ژێر ناوی «بۆ تروسکەی کچم» دا، نووسیویەتی، دەڵێ: «کچە شیرینەکەم! قەت حەز ناکەم نازت بشێوێ، بەڵام ڕێگای تێکۆشان پڕ لە لێژو هەڵەمووتە و لەم ڕێگایەدا مرۆڤ گەلێک کەند و لەند و کلۆ و پێکۆڵی دێنە ڕێ. هەر بۆیە پێ دەچێ مەرگ مەودام نەدا ئەو کاتە ببینم کە تۆ فام دەکەیەوە و دنیای دەوروبەر و جیهانی بێعەداڵەتی دەناسی...»

بە داخەوەپێش بینی ئەبوو کانیەڕەشی وەڕاست گەڕا و، تروسکە هێشتا منداڵێکی دوو ساڵە بوو، کە باوکی لەپێناوی ئازادیی نیشتمان و ڕزگاریی گەلەکەی دا، گیانی خۆی بەخشی و تروسکە بۆ هەمیشە لێی بێبەش بوو.

دووهەم شەهید کە لە ئێوارەیەکی خوێناوی و خەماویی ١١ی پووشپەڕی ٢٠ ساڵ لەمەوبەری «حوسێن مامە»دا، چووە ریزی نەمران، لاوی شاعیر، جەلیل ڕەحیمیان بوو.

جەلیل ساڵی ١٣٤٤ی هەتاوی لە «قالوێ»لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش دا، لە دایک ببوو. هەر منداڵ بوو کە ماڵیان باری کرد و چوون بۆ بۆکان. لە نێو هەژاری و نەداری و ژیانی کۆڵەمەرگی دا، گەورە بوو و بە دەم کارو کوێرەوەرییەوە، قۆناغەکانی خوێندنی بڕی.

جەلیل مێرمنداڵێک بوو کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی شەڕی لە دژی گەلی کورد ڕاگەیاند. ئەو لە ژێر دەسەڵاتی دوژمن دا،تاوان و کردەوە و ڕەفتاری دڕندانەی هێزە سەرکوتکەرکان و ڕەفتاری پڕ سووکایەتیی کاربەدەستانی دژ بە کوردی بەرامبەر بە هاوشارییەکان و هاوزمانانی دەدی.هەژاری و بێبەشییەکانی خۆی و بنەماڵەکەی و نەتەوەکەی لە لایەک و ستەم و زۆرداریی دەسەڵاتداران لە لەیەکی دیکە، هاندەری جەلیل بوون بۆئەوەی ڕێگای خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەی هەڵ بژێرێ.

جەلیل ڕەحیمیان لە نێوەڕاستەکانی دەیەی ٦٠ی هەتاوی دا، بڕیاری خۆی دا و بوو بە پێشمەرگە و لە هێزی بەیان، خۆی لە ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات دا، دیتەوە.

جەلیل لەو تێکۆشەرانە بوو کە پێی وابوو شۆڕشگێر هەر نابێ بە چەکی دەستی پشت ئەستوور بێ. دەبێ بەر لە دەستی،مێشکی بە چەکی باوەڕ و تێگەیشتن، چەکدار بکا. ئەو شێعرانەی لە پاشی بە جێماون، بەڵگەن بۆ ئەوە کە ئەم لاوە، مرۆڤێکی خاوەن بیرو لێکدانەوە بوو، ڕوانینێکی پێشکەوتنخوازانە، دادپەرورانە و مرۆڤدۆستانەی هەبوو.لە شێعری «فەلسەفەی ئێمە«دا دەڵێ:

فەلسەفەی ئێمە
دژ بە نەمانە
دژ بە گریانە
مەکۆی ویژدانە
کاکلی ژیانە

فەلسەفەی ئێمە
هەوڵی بیرییە
زانایی بوونە
ڕێی سەرکەوتنە

فەلسەفەی ئێمە
تیشکی ژیرییە
ئازایی چوونە
دژ بە خەوتنە

فلسەفەی ئێمە دیموکراتیيە
ڕووگەی ئەهوەنی و بێشکەی ئاشتییە

* * *

جەلیل نموونەی مرۆڤێکی هێدی و لەسەرخۆ بوو. بەشێکی زۆر لە کاتی خۆی بە خوێندنەوە تێپەر دەکرد. هێندێ جاریش دەستی بۆ قەڵەم دەبرد و هەستی خۆی و بەرهەمی بیرکردنەوەکانی خۆی بە شێعر و نووسین، دەردەبڕی. پێگەیشتوویی فیکری و ئامادەیی بۆ تێکۆشان لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی بەشمەینەت دا، هەروەها سەرکەوتوویی لە هەڵسوکەوت و پێوەندی لەگەڵ خەڵکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەردا، بوون بە هۆی ئەوە جەلیل ڕەحیمیان ببێ بە کادرێکی سەرکەتووی کومیتەی شارستانی بۆکان. سەرئەنجام لەگەڵ ئەبوو کانیەرەشی، بوون بە هاوکار و هاوتیم و دوو هاوکاری گونجاو و یەکتر خۆشەویست. دوو هاوکار کە شانبەشانی کاری سیاسی و تەشکیلاتی لە قووڵایی ناوچەکانی بۆکاندا، بیرێکیان هەر لای کتێب و خوێندنەوە و نووسین بوو. هەر بۆیەش چیرۆک و بیرەوەری و وتار و شێعر و نووسینی ئەوان، بۆن و تامی کات و ساتە پڕ مەترسییەکان، ئێش و ئازاری خەڵکی چەوساوە و ژێردەست، خولیاو و ئاواتی منداڵە بێبەشەکان و کچان و کوڕانی سادە و ساکاری گوندەکانیان دەدا. ئەوان پێشمەرگەی بیرو قەڵەم بوون و لە پێدەشتی حەز و خولیا ئینسانییەکانیان و لە هەوراز و لێژەکانی ژیانی شۆڕشگێڕانەیان دا چاویان بەردەوام لە ئاسۆی ڕوونەوە دەبڕی و لە پێناوی ژیان دا، ئاگایانە و لەوپەڕی خۆشەویستیی ژیان دا، بەرەو مەرگ، بەرەو هەرمان دەچوون.

ئەوان بە جەستە لە بستووی ژیان ئاوا بوون، بەڵام بیریان، شێعریان، چیرۆک و بیرەوەرییەکانیان و یاد و ناویان، لە نێو ڕێبوارانی ڕێگاکەیان و لە نێو ڕۆڵە ئەمەگناسەکانی نەتەوەکەیاندا، هەر زیندووە.

**یادیان بەڕێز و ڕێگاکەیان پڕ ڕێبوار بێ.**



شەهید جەلیل ڕەحیمیان



شەهید ئەبووبەکر کانیەڕەشی

## بۆ تروسکەی کچم !

**چەند بەشێک لە نامەی شەهید ئەبوو کانیەڕەشی بۆ کچەکەی**

دایکی نیشتمان پێویستی پێمە و ئەرکی خستۆتە سەرشانم بۆ ڕزگار کردنی لە کۆت و زنجیری دیلی.

ئەوە ئێستا منیش فیشەکدانم لە قەدم بەستوە، کۆڵەپشتی و کیسە خەوم لە کۆڵ قایم کردوە، هاوڕێ لەگەڵ پێخۆر و توێشە بەرەی ڕێ، چەندین تراکت و پەیام، ڕۆژژمێری کوردستان، وێنەی پێشەوا قازی و قاسملووی مەزنم هەڵگرتوە و بەرەو جەرگەی خەبات، بەرەو ناوچەی بە تەواوی میلیتاریزەکراوی موکریانی پڕ پیت و بەرەکەت، بەرەو بۆکان هەنگاو دەنێم.

کچە شیرینەکەم!

قەت حەز ناکەم نازت بشێوێ، بەڵام ڕێگای تێکۆشان پڕ لە لێژ و هەڵەمووتە و لەم ڕێگایەدا مرۆڤ گەلێک کەند و لەند و کلۆ و پێکۆلی دێنە ڕێ. هەر بۆیە وێ دەچێ مەرگ مەودام نەدا ئەو کاتە ببینم کە تۆ فام دەکەیەوە و دنیای دەوروبەر و جیهانی بی عەداڵەتی دەناسی. ئەو کات کە تۆ بە چاوە گەش و گەش بینەکانتەوە و بە بیری تیژتەوە دەڕوانیە دەریای بی سنووری ژیان، ڕەنگە گەلێک پرسیاری جۆربە جۆر هورووژم بۆ مێشکت بێنن. سەیر نیە ئەگەر بە پێی داب و نەریتە کۆنەکانی کۆمەڵگەکەمان بکەویە بەر تانە و توانجی بەشێک لە منداڵانی خاوەن باوک. لە لایەکی دیکەشەوە وێ دەچێ لە خۆشەویستی و دەست بەسەر داکێشانی باوک و... بێ بەش بی. هەر بۆیە وێ دەچێ هەست بە دڵ تەنگی بکەی و چاوە گەش و ڕەشەکانت فرمێسکی جارزی هەڵوەرێنن. هەر بەو مەبەستە دەمەوێ چەند دێڕێک بە یادگاری ئاراستەی تۆی خۆشەویست بکەم هەتا لە کاتی ڕووبەڕوو بوون لەگەڵ ئەم جۆرە پێشهاتانەدا دڵی پاک و هەستی بێ خەوشی خۆتیان پێ بلاوێنیتەوەو بڵێی: منیش باوکم هەبوو کە زۆری خۆش دەویستم. منی بە هیوا و ئاکامی ژیانی خۆی دادەنا و ناوی تروسکەی لەسەر دانابووم تا لە نێو تروسکە تروسکی ئەستێرەکان دا، لە نێو بروسکەی هەوری بەهاری دا و لە نێو تیشکی هەتاودا بەدیم بکا.

باوکم منی زۆر خۆش دەویست، پێی خۆش نەبوو کە من بێ باوک و بێ ئەنوا بم. ئەو بە باشی دەیزانی کە مرۆڤ هەتا دوایین کاتەکانی ژیانی پێویستی بە خۆشەویستی هەیە و ڕوحی، تینووی خۆشەویستییە. بەڵام بیری ڕوون، هەستی نیشتمانپەروەری و گەل دۆستی، هەست کردن بە چەوسانەوە و ژێردەستی و سووربوون لە سەر ڕزگار کردنی فەرهەنگ و فولکلۆری گەلەکەی لە فەوتان، هەروەها ئاواتی وەدیهاتنی مافە ئینسانییەکان و... ئەویان خستەسەر ڕێبازی پڕ لە شانازیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

هەر لەم ڕێگایەش دا، پاش چێشتنی تاڵی و سوێری یەکی زۆر بە مەبەستی وەدیهاتنی ئاواتی گەل، سەری نایەوە و هەوڵدان بۆ ئاواتەکەی و درێژەدانی ڕێگاکەی بە هاوبیرەکانی سپارد. بۆیە سەری نایەوە تا منداڵانی کورد لە دوا ڕۆژدا چی دیکە گوڵی هیوایان بە بای خەزانی پاییز و بە گڕ و بڵێسەی شەوپەرستان هەڵ نەپرووکێ و بۆ لە دەست چوونی باوکیان دۆش دانەمێنن...

**١٣٦٩/٢/٢٥**

**لە ژمارە ٤٣ی گۆڤاری لاوان، خەزەڵوەری ١٣٧٠ بڵاو بۆتەوە.**

# هەڵبژاردەیەک لە راپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی پازدەیەم

**(بەشی دووهەم)**

## ئێران

## ١- هەلومەرجی سیاسیی وڵات:

### هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری و ئاکامەکانی

...پاش هاتنە سەرکاری دەوڵەتی نۆیەم، ئاکامە مەترسیدارەکانی سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد رۆژبەرۆژ زیاتر بۆ خەڵکی ئێران روون بۆوە. لە سیاسەتی ئەتۆمیی دەوڵەتی ئەحمەدینژادەوە (کە خەڵک ترسی هەڵگیرسانی شەڕێکی نەخوازراوی لێ نیشتبوو) بگرە هەتا رەوتی روو لە هەڵکشانی پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ و فشارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، خەڵکی گەیشتبوونە ئەو قەناعەتەی کە لانیکەم لەو قۆناغەدا هەوڵ بۆ کەم کردنەوەی ئەو فشارانە بدەن و هەڵبژاردنەکانی دەوری دەیەمی سەرکۆماریان وەک دەرفەتێکی هەرچەند تەسک بۆ ئەو مەبەستە چاولێکرد... هەر بۆیە وەک بینیمان خەڵکی ئێران بە هەموو پێکهاتەکانییەوە بە بەراورد لەگەڵ هەموو هەڵبژادنەکانی ٣٠ساڵی رابردوودا، بەشدارییەکی بەرچاویان لە هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرۆک کۆماریدا کرد.

...بەڵام وەک خەڵکی ئێران و هەموو دنیاش بینیان کە ساختەکاری (تقلب) لە ئاکامی هەڵبژاردنەکاندا بە شێوەیەک بوو کە تەنانەت کەمتر نەیارێکی کۆماری ئیسلامی (بەوانەوە کە تەحریمی هەڵبژاردنەکانیشیان کردبوو) پێش بینیی تا ئەو رادەیە ساختەکاری لە ئاکامی هەڵبژاردنەکانیاندا دەکرد.

بەو حاڵەشەوە لەسەر ئەو باوەڕەین کە هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرکۆماری و بەشداریی بەرچاوی خەڵک لەو هەڵبژاردنەدا نە تەنیا بێ دەسکەوت نەبووە، بەڵکوو چەند دەسکەوتی گرینگی بۆ خەڵکی ئێران و لایەنگرانی دێموکراسی بەدواوە بوو کە لەوانە دەتوانین ئاماژە بە چەند نموونە بکەین:

١) بێگومان ئەو بەشدارییە بەرچاوەی خەڵک بوو کە لە دوای هەڵبژاردنەکاندا بووە هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی گەورە لە ئێران کە تا ئێستاش درێژەی هەیە. بەو واتایە کە ئەگەر خەڵک لە هەڵبژاردندا بەشدارییان نەکردبایە، ساختەکاریی دەسەڵات زۆر دەرنەدەکەوت و خەڵکیش زۆر گرینگیان بە ئاکامەکەی نەدەدا.

٢) نەمانی هەرچی زیاتری مەشرووعییەتی نیزام، هەڵوەرینی بەرچاو لە نێو لایەنگرانی کۆماری ئیسلامییدا لێکەوتەوە. بەشێک لەو خەڵکەی کە هێشتا باوەڕیان بە کۆماری ئیسلامی هەبوو و لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگیان بە مووسەوی و کەڕرووبی دابوو و هەروەها بەشێک لەو لایەنگرانەی کە دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی، سەرکوتی وەحشیانەی خەڵکیان پێ تەحەممول نەدەکرا، نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامییان بۆ دەرکەوت و کەوتنە بەرەی دژی رێژیمەوە.

٣) گۆڕانی فیکری لە نێو بەشێکی بەرچاو لە ئەلیتەکانی رێفۆرمخواز و لایەنگرانی ئیسلاحاتدا پێک هات. بەشێکی بەرچاو لە رێفۆرمخوازان و لایەنگرەکانیان کە باوەڕیان وابوو کە نیزام زەرفییەتی رێفۆرم و گۆڕانی تێدا بەدی دەکرێ، پێداچوونەوەیان لە بۆچوونەوەکانی خۆیاندا کرد.

٤) لە ئاستی دەرەوەش‌دا کۆماری ئیسلامی تووشی قەیرانی مەشرووعییەت بووە و پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەموو کاتێک لاوازتر بووە.

٥) هیوا و هومێد بە نەمانی نیزامی دەسەڵاتدار لە ناو دڵی ئازادیخوازان و دێموکراسیخوازان لە سەرانسەری ئێران‌دا بەهێزبووە کە دەتوانین بڵێین گرنگترین دەسکەوتە.

وەک دەبینین سەرکوتی ئازادییەکان و پێشێلکردنی سیستماتیکی مافەکانی مرۆڤ، فشارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان تەنانەت لەچاو دەورەی نۆیەمی سەرکۆماریی ئەحمەدینژاد چەندقات زیادی کردوە.

کێشەی نەتەوەکان لە ئێراندا

... سیاسەتی کۆماری ئیسلامی وەک حکوومەتێکی ئیدئۆلۆژیکی مەزهەبی لە پێوەندی لەگەڵ پرسی نەتەوە بندەستەکان، زۆر مەترسیدارتر لە رێژیمی پێشوو (پاشایەتی) بەڕێوە دەچێ. لەگەڵ ئەوەی کۆماری ئیسلامی بە بەراورد لەگەڵ رێژیمی پێشوو لە ئاستێکی بەربڵاوتر و پلانمەندتردا، سیاسەتی سەرکوت و ژینۆسایدی کولتووری و سیاسەتی سووکایەتیپێکردنی نەتەوایەتی لە ئێران دا بەڕێوە دەبا، هاوکات وەک حکوومەتێکی مەزهەبی لە فاکتۆری «ئایین»یش بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەتەکانی خۆی دژ بە نەتەوە جۆراوجۆرەکان کەڵک وەردەگرێ. لەم ساڵانەی دواییشدا کەڵکوەرگرتن لە فاکتۆری ئایین دژ بە نەتەوەکان زیاتر بووە.

...سیاسەتە فەرهەنگییەکانی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت نەتەوە بندەستەکانی ئێران درێژەی هەمان سیاسەتی رێژیمی پاشایەتییە و لەسەر بنەمای ئاسمیلە کردن و تەحقیری ئەو نەتەوانە داڕێژراوە کە لەسەر هەر دوو ئاستی فەرمی و نافەرمی بە توندی بەڕێوە دەچێ. ئەم سیاسەتە لە سەردەمی ئەحمەدینژاد دا بەتایبەت بە نیسبەت کوردەوە خەستتر بۆتەوە.

... بەگشتی بارودۆخی خەباتی نەتەوەخوازی لە نێو نەتەوەکانی ئێران بە چەشنێکە کە کورد بە گشتی و بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەمەو بە دوا دەبێ بە گرنگیپێدانی زیاترەوە بۆ ئەم بابەتە بڕوانن. حیزبی ئێمە دەبێ هەوڵ بدا بە گرتنەبەری سیاسەتێکی ژیرانە و بە دیتنەوەی رێگای نوێ و کاناڵی نوێ بۆ پێوەندیگرتن بە رێکخراوە سیاسی و فەرهەنگییەکانی سەر بە نەتەوەکانی ئێران و تێکۆشەرانی خەباتی نەتەوەیی لە نێو نەتەوەکانی دیکە دا، کاریگەریی خۆی لەسەر بەرەو پێشچوونی خەباتی نەتەوەخوازی لە ئێران دا دابنێ.

### دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکە و ئاکامەکانی

... کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە دەستی لە کاروباری وڵاتانی دیکە وەرداوە و ئەم سیاسەتەش لەم دوایانەدا لەگەڵ دژکردەوەی توندی وڵاتانی دیکە رووبەڕوو بۆتەوە. لەم دوایانەدا لە ئاستی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا شاهیدی یەکگرتووییەکی عەرەبی لە بەرامبەر ئێران داین. رۆژئاوا و وڵاتانی عەرەبی بە گرنگییەکی تایبەتەوە بۆ رۆڵی نێگەتیڤ و ئاژاوەگێڕانەی ئێران لە ناوچەکەدا دەڕوانن. دەرکەوتنی هێندێک نیشانە و زانیاری لە دەخالەتی رێژیمی ئێران لە تیرۆری رەفیق حەریری سەرۆک وەزیری پێشووی لوبنان بۆ دادگای نێونەتەوەیی پەروەندەی ئەم تیرۆرە ، چەند جار دەستبەسەرداگیرانی چەکوچۆڵی نێردراو لە لایەن کۆماری ئیسلامی بۆ تاقم و گرووپەکانی سەر بەو رێژیمە لە وڵاتانی دیکە، ئاشکرابوونی بەشداریی هێزی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی لە سەرکوتکردنی خۆپێشاندانەکانی خەڵکی شارەکانی سووریە دا و زۆر نموونەی دیکە لە دەستوەردان لە کاروباری وڵاتانی عەڕەبیی ناوچە، نیگەرانی و تووڕەیی خەڵکی ئەو وڵاتانەی بەرامبەر ئێران پتر کردوە. بەردەوامبوونی کۆماری ئیسلامی لە سەر ئەو سیاسەتانەی دوور نییە کە وڵاتی ئێران لە داهاتوودا تووشی گرفتی جیدی نەکا.

### کێشەی ئەتۆمیی ئێران

... ئەوەی ئێستا گرینگە و کۆمەڵگەی نێونەتەوەییش گرنگیی پێ دەدا ئەوەیە کە سیاسەتی ئەتۆمیی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵاتیش دا کڕیارێکی ئەوتۆی نییە و تەنانەت زۆرینەی خەڵکی ئێران وێڕای کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی نیگەرانی بەرنامەی ناوکی لە لایەن دەسەڵات و رێژیمێکی نابەرپرس بەرامبەر خەڵکەوەن. هەر بۆیەش کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆ پێشگرتن بە کۆماری ئیسلامی لە جاران دەست ئاوەڵاتر بووە.

پاش بە هێزتر بوونی بزووتنەوەی دیموکراسیخوازیی خەڵکی ئێران لە ماوەی ٢ ساڵی رابردوودا، زۆرینەی خەڵکی ئێران زیاتر لە جاران گرنگی بە پرسەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ دەدەن و لە بەرامبەریش دا بەخۆشییەوە هەست بەوە دەکرێ کە رۆژئاواش پێداچوونەوەی بە سیاسەتی خۆی لە بەرامبەر ئێران دا کردوە و زیاتر لە پێشوو لە سیاسەتی دەرەوەیان دا گرنگی بە پرس و مافی مرۆڤ و دیموکراسی دەدەن. ئەم گۆڕینی روانگەیەش بە قازانجی بزووتنەوەی دیموکراسیخوازیی خەڵکی ئێرانە.

## ٢_ بارودۆخی ئابووری:

... لە رووی گەشەسەندنی ئابوورییشەوە، لەچەند ساڵی رابردوودا سەرەڕای بەرز بوونەوەی نرخی نەوت، ئابووریی ئێران بەردەوام رووی لە دابەزین کردوە. دابەزینی ئاستی گەشەسەندنی ئابووری بەپێچەوانەی بانگەشە درۆیینەکانی دەوڵەت بە شێوەیەکە کە بانکی ناوەندی بەپێچەوانەی هەموو کات، لە ساڵی ١٣٨٧ بە دواوە ئامادە نەبووە رێژەی گەشەسەندنی ئابووری ئاشکرا بکا و ئەوەش ئەو راستییە دەردەخا کە سیاسەتە ئابوورییەکانی دەوڵەتی ئەحمەدینژاد (کە بەردەوام دروشمی بریقەداری سەرکەوتنی گەورە دەدا) تا چ رادەیەک لەگەڵ شکست بەرەوروو بووە. بەپێی لێکدانەوەی سندووقی نێونەتەوەیی دراو، رێژەی گەشەسەندنی ئابووری لە ساڵی ٢٠٠٨ (١٪)، ٢٠٠٩ (٠١٪) ٢٠١٠ (کەمتر لە ١٪) بووە و بۆ ساڵی ٢٠١١ش (٠٪)ی پێش بینی کردوە. هەر ئەو دامەزراوە نێونەتەوەییە هەڵاوسانی ئابووریی بۆ ساڵی ٢٠١١ ، ٢٢/٥٪ پێش بینی کردوە. بەم پێیە ئێران لە نێو ٢٠ وڵاتی باکووری ئەفریقا و رۆژهەڵاتی نێوەراست دا کەمترین ئاستیگەشە و زیاترین ئاستی هەڵاوسانی ئابووریی هەیە.

### ئامانجدارکردنی یارانەکان

... لە دارشتنی گەڵاڵەیەکی ئابووریی وەها گەورەدا پێویستە بە شێوەیەکی زانستی، توانا ئابووری و ئینسانییەکان و زەرفییەتە سیاسییەکان لەبەر چاو بگیرێن وتێبینیی سیاسی و بەرژەوەندی جیناحیی تێدا رەچاو نەکرێ. ئامانجدار کردنی یارانەکان ئەگەر بەشێوەیەکی زانستی گەڵاڵە کرابا ولە بەستێنێکی لەبار دا بەڕێوە چووبایە دەیتوانی لە رێگەی»صرفەجویی» لە ئێنێرژی و سەرمایەدا و هاندانی خەڵک بۆ کارکردن و... یارمەتیی گەشە کردن و پەرەسەندنی ئابووری بکا. سەرکەوتنی وەها پرۆژەیەک پێویستی بە چەند مەرجی سەرکیی سیاسی و ئابووری هەیە و ئەگەر ئەو مەرجانە ئامادە نەبن، قەیرانی گەورەی لێ دەکەوێتەوە

... بارودۆخی ئابووری وسیاسیی ئێستای ئێران بە چەشنێکە کە هیچ کام لەو مەرجانەی تێدا بەدی ناکرێ. هەر بۆیە دەبینین لەو کاتەوە کە گەڵاڵەکە کەوتۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، رۆژ بەرۆژ زیاتر کێشەکان دەردەکەون وبە هۆی هەڵاوسان و گرانیی پێداویستیەکانی رۆژانەی خەڵک، ئاکامەکانی ئەو پرۆژەیە جاربەجار زیاتر دەر دەکەون و گوشارەکانیش بۆ سەر خەڵک زیاتر دەبن. بۆیە سروشتیەکە لە داهاتوویەکی نزیک دا بە هۆی گوشارێکی ئابووریی کەم وێنەوە، چاوەروانی سەر هەلدانی نارەزایەتی لە ئێران دابین.

### ئابلۆقە ئابوورییەکان

ئەگەر چی کار بەدەستانی کۆماری ئیسلامی بەردەوام رادەگەیەنن کە لە ئابلۆقە ئابوورییەکان ناترسن وهیچ کاریگەرییەک لەسەر کۆمەڵگەی ئێران دانانێن، بەڵام بە پێچەوانەوە ئابلۆقەکان کاریگەریی خۆیان لەسەر ئابووریی ئێران داناوە وبەتایبەت لە ساڵی ١٣٨٩ دا کاریگەریی ئەو ئابلۆقانە بە تەواوی دەرکەت و پێشبینی دەکرێ کە لە ساڵی ١٣٩٠ دا لە رەوتی بەڕێوە بردنی بەرنامەی ئامانجدار کردنی یارانەکان دا، کاریگەریی ئابلۆقەکان زیاتر دەربکەوێ.

ئاکام:

... دۆخی ئابووریی ئێران رۆژ بەرۆژ بەرەو خەراپی دەچێ وکۆماری ئیسلامییش بە هۆی گەندەڵی، ئابووریی رانتی، سیاسەتداڕێژی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی جیناحی، زالبوونی مافیای ئابووری،کێشەکانی لەگەڵ دونیای دەرەوە و ....، توانای چارەسەر کردن و باشتر کردنی دۆخی ئابووریی نیە.

ئەگەر خەڵکەکە بتوانن نەبوونی ئازادیی سیاسی و سیستەمی دیکتاتۆری و...، لە بەر سیاسەتی سەرکوت بۆ ماوەیەکی زۆر تەحەممول بکەن، بەڵام ئاستی تەحەممول کردنی هەژاری و برسیتی زۆر کەمە. بۆیە لە وەها دۆخێکدا ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لەمەوبەدوا دەبێ گرنگییەکی تایبەت بە بابەتی ئابووری و هەوڵی رێکخستنی کرێکاران، بێکاران و خەڵکی هەژار بدەن.

## ٣-سیاسەتە فەرهەنگییەکانی کۆماری ئیسلامی

... یەکێک لە مەترسیدارترین بوارەکانی سیاسەتی فەرهەنگیی کۆماری ئیسلامی لەم چەند ساڵەی دوایی دا هەوڵدان بۆ پەروەردەی ئیدئۆلۆژیکە کە تێۆریسیەنەکانی سپای پاسداران رۆڵێکی سەرەکیی تێدا دەبینن. لە لێدوانی فەرماندە و بەرپرسانی بەشە جۆراوجۆرەکانی سپا بە تایبەت لە دوو ساڵی رابردوودا بە ئاشکرا باس لەپەروەردەی ئیدئۆلۆژیکیی منداڵان و مێرمنداڵان و لاوان دەکرێ.

... ئەم هەوڵانە هەموو بەشێکن لەپرۆژەیەکی گەورەتر کە تەنانەت لەلایەن هێندێک لە کاربەدەستانیشەوە «شۆڕشی فەرهەنگیی دووهەم»ی پێ دەگوترێ کە لەپەروەردەی منداڵانی دایەنگەوە تا دژایەتی زانستە مرۆییەکان و ئیسلامی کردنی زانکۆکان و خۆماڵیکردنی زانستە مرۆییەکان لەخۆ دەگرێ و مەبەستی سەرەکییش لەم سیاسەتە، ئامادەکردنی هێزی ئینسانی و پەردەوردەکردنی تیرۆریست بۆ داهاتوویە. ئەگینا کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی خۆیان دەزانن سەرکەوتنی ئەو پرۆژەیەی کە پێی دەڵێن شۆڕشی فەرهەنگیی دووهەم، کارێکی نزیک بە مەحاڵە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش تەنانەت ئەگەر ئەم سیاسەتە فەرهەنگییەی کۆماری ئیسلامی لە ئاستێکی زۆر بچووکیش دا سەرکەوتن بە دەست بێنێ، دیسان مەترسیی گەورەیە بۆ داهاتوو و ئاسەوارە نێگەتیڤەکانی لەدوای کۆماری ئیسلامییش هەر دەمێنێ.

## ٤- دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی زۆر بوونی پێشێلکردنەکان لەم ٣ ساڵەی دواییدا چ لە ئاستی ئێران وچ لە ئاستی کوردستان، پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکان وبەهێز بوونی خەباتی ئازادیخوازانە ودێموکراسیخوازانەی خەڵکەو سەرنجراکێش ئەوەیە کە بە پێی ئامارەکان، زیاترین پێشێلکردنەکان لە تاران وکوردستان تۆمار کراون، ئەوەش بەهێز بوونی خەبات وبزووتنەوەی ئازادیخوازانە لەو دوو شوێنە لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران دەسەلمێنن.

... لە چەند ساڵی رابردوودا بارودۆخی مەترسیداری مافی مروڤ لە ئاستی نێونەتەوەیی دا سەرنجی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بۆ لای خۆی راکێشاوە و لە سیاسەتی دەرەوی ولاتانی ئورووپایی و ئەمریکا دا دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران زیاتر لە جاران رەنگی دەداتەوە و چەند هەنگاو بەرەوپێش چووە. بڕیارنامەی ٢٤ی مارسی ئەمساڵی شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان و دیاریکردنی لێکۆڵەری تایبەتی بۆ تۆژینەوە لە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران، نیشاندەری گۆڕانێکی بەرچاوە لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی جیهان بەگشتی وبەتایبەتی ولاتانی رۆژ ئاوادا. هەنگاوێکی گرنگی دیکە بڕیاری بایکۆتکردن و دەست بەسەرداگرتنی داراییەکانی کاربەدەستانی جینایەتکار و تاوانخولقێنی کۆماری ئیسلامی لە بانکەکانی دەرەوە لە لایەن یەکیەتیی ئورووپاوەیە کە لە مانگەکانی رابردوو دا شاهیدیان بووین. پێکهاتنی ئەم گۆڕانە و ئەم پێشچوونانە بە قازانجی مافی مرۆڤ لە ئێران بەرهەمی تێکۆشانی چالاکانی مافی مرۆڤ لە نێوخۆ ودەرەوەی وڵات، هەروەها بەرهەمی کاری دیپلوماسی وراگەیاندنی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنە. حیزبی دیموکراتی کوردستان لە چەند ساڵی رابردوو دا لە پێوەندییە دیپلۆماسییەکانی دا بەردەوام جەختی لەسەر ئەم بابەتە کردوە وهەوڵی داوە کاربەدەستانی ئەو وڵاتانە تێ بگەیەنێ کە لە دارشتنی سیاسەتەکانیان و هەڵوێستگرتن بەرامبەر بە ئێران، دۆخی مافی مرۆڤ و دیمۆکراسی بە بنەما وەربگرن.

# کوردستان و بەردەوامیی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ

**نوسین و ئامادە کردنی: عەلی بداغی**

پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان بە هۆی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی سێ مانگی بەهاری ساڵی نوێشدا رەوتی بەردەوامی و هەمیشەیی خۆی پێواوە و لەو وەرزەی ساڵیشدا کۆمەڵێک کەسی دیکە بوونە قوربانیی سیاسەتی کوشت و بڕ و دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان.

بەپێی راپۆرتی وەرزانەی هەواڵدەریی کوردستان و کورد لە ماوەی سێ مانگی بەهاری ئەو ساڵدا لانیکەم ٢٠ کەس لە کوردستان بە دەستی هێزە ئەمنییەتی و ئینتیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون کە ١٨ کەسیان کۆڵبەران و کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوون.

هەر لە ئاکامی کەمین دانانەوە و تەقە کردن لە کاسبکاران و کۆڵبەرانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان کە بە هۆی بێکاری و بێ دەرەتانی بە کاری کۆلکێشی نان و بژیوی رۆژانەی خۆیان پەیدا دەکەن، ٢٤ کەس بریندار بوون. هەر لەو ماوەیەشدا بە هۆی تەقینەوەی مین ٥ کەس بریندار بوون کە تێیاندا ساسان ئەمجەدی، مێردمنداڵێکی خەڵکی ناوچەی جوانڕۆ دەبینرێ کە بەو هۆیەوە لاقی پەڕیوە.

ناوەندە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لە ماوەی ئەو سێ مانگەی سەرەتای ساڵدا لانیکەم ٨٣ کەس لە خەڵکی مەدەنی و چالاکان و لاوانی هەڵسووڕی کوردیان بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی و ئەمنییەتی دژی کۆماری ئیسلامی قۆڵبەست کردوە. بەشێک لەو کەسانە دوای لێپێچینەوە و دادگایی کرانیان، بە شێوەی کاتی و بە بارمتە ئازاد کراون و لانیکەم ٣١ کەس لە گیراوانی کورد لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا دادگایی کراون و سزای لە ٥ مانگ و یەک ساڵ و دوو ساڵ را بگرە تا ٢٥ ساڵ زیندانیان بە سەر دا سەپاوە.

جیا لەوانە دەتوانین چەند نموونەیەکی دیکەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان بەمجۆرە باس بکەین:

- بێکارکردنی ٦٠ کەس لە کرێکارانی شارەداریی بۆکان لە مانگی خاکەلێوەدا
- راگوێزرانی ٣٥ زیندانیی سیاسیی کورد لە ٢٥ ی خاکەلێوە بۆ گرتووخانەی گەوهەردەشتی کەرەج کە بە قەتڵگای زیندانەیە سیاسییەکان ناسراوە.
- داخرانی گۆڤاری خوێندکاریی رۆژەڤ لە تاران بە بڕیاری ناوەندە ئەمنیەتییەکان
- کوژرانی لانیکەم ٦ کەس لە پێکدادانەکەی رۆژی ١ ی بانەمەڕی حەسەناوای سنە بە دەستی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی
- بێبەشبوونی خەڵکانێکی زۆری کوردستان لە وەرگرتنی یارانەکان بە هۆی پڕنەکردنەوەی فۆرمەکان لە کاتی خۆیاندا،
- بێکار کردنی ٥٥٠ کرێکاری مەعدەن و کانی زێڕی ئاق دەرەی تیکاب
- بێکار کردنی ١٢ کرێکاری کارخانە ئاردی شاری سەقز
- ئێعدامکرانی زیاتر لە ٢٥ کەس لە زیندانی ورمێ لە ماوەی سێ مانگی بەهاردا لە ژێر ناوی قاچاغی مادده هۆشبەرەکان
- داخرانی « هەرەوەز» و «بوژان» دوو بڵاوکراوەی کوردیی زانکۆی ورمێ .
- سووتانی دەیان هێکتار زەوی و دارستان تەنیا لە ماوەی یەک مانگی رابردوودا

بەڵام ئەوەی لەو نێوەدا ویژدانی بەخەبەری هەر مرۆڤێک ئازار دەدا، کوژران و بریندار بوونی زیاتر لە ٤٠ کەس لە کاسبکاران و زەحمەتکێشانی کوردستانە کە گیانیان لە پێناو دەسخستنی پاروە نانێکی هەژارانە بۆ ماڵ و منداڵیان داناوە و دوای کوژران و بریندار بوون و نقوستان بوونیشیان، کارتۆنێک شووشە یان ماهوارەیان پێیە، زیانی قورسیان لە ئابووریی وڵات داوە، بەڵام هەر ماوەیەک لەوە پێش بوو کە سایتی ویکی لیکس ئاشکرای کرد کە ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بە تایبەت سپای پاسداران مادەی هۆشبەر لە ئەفغانستان را بۆ ئازەربایجان و لەوێڕا بۆ ئوروروپا ترانزیت دەکا.

بەڵام هەر لە جێدا وا گریمان کە ئەو کاسبییەی خەڵکی سەرسنوور کە لە ڕووی ناچاری و بێکارییەوە روویان تێ کردوە کاری قاچاغە، بەڵام باشە کامە قانوون و کامە رێسا رێی بەوە داوە کە ئەو خەڵکە بەر لەوەی بگیرێن و دادگایی بکرێن و سزایان بە سەردا بسەپێ، کەوکوژی بدرێنە بەر گوللە و ژیانە کۆڵەمەرگییە، لە هەڵدێران لە رەوەزە بەرد و تەقینەوەی مین لە ژێر پێ‌و، کوژران و نقوستان بوون بگرە تا لە گەرمان برژان و لە سەرمان رەق هەڵاتن، ئەوەی جێی تێڕامان و پرسیار خوڵقێنە ئەوەیە کە رێژیم بە جێی دابینکردنی کار بۆ رۆڵەکانی ئەو گەلە، هێزەکانی دەنێرێتە سەر رێگەیان و بۆسەیان بۆ دادەنێ، بە جێی پاراستنی گیان و ماڵیان لە دەستدرێژی، هەر خۆی سێرەیان لێ دەگرێ و رێگەی هاتوچۆیان مینرێژ دەکا، تەقەیان لێ دەکاو ماڵ و ژیانیان بە تاڵان دەباو تەنانەت بەزەیی بە ئێستر و وڵاغی ئەو کاسبکارانەشدا نایەتەوە و ئەو ئاژەڵە بەستەزمانانەش دەداتە بەر رەهێڵیەی فیشەک و قڕیان دەکا.

هەموو ئەو رەفتارە دژی



ئەوەندەی دیکەش ژیانی بنەماڵەکانیان بەژان و سەختتر بووە. بەڵام ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە کە نە بۆ کوژران و بریندارابوونی زیاتر لەو ٤٠ کەسە و نە بۆ کوشتاری هەزاران کەس لە خەڵکی ئەو ناوچانە کە لە ماوەی ساڵانی رابردوودا بە تەقە و دەسرێژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون، تاقە پەروەندەیەکی قەزایی لە هیچ دادگایەکی ئێراندا نەکراوەتەوە، وەک ئەوەی کە بڵێی کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی رەهای بۆ گیان لێ ئەستاندنی هەموو کوردێکی ئەو وڵاتە هەیە و کەس بۆی نیە وەدوای خوێن و مافی خۆی کەوێ.

کۆماری ئیسلامی کەوکوژی ئەو خەڵکە هەژار و بێدیفاعە دەداتە بەر گوللە، گوایە ئەوانە قاچاغچین، بەڵام خۆ هێشتا چەند مانگ لە ئاشکرابوونی قاچاغی ٣٠ تۆن تریاک، ئەویش لە فڕۆکەخانەی نێونەتەوەیی خومەینی لە تاران رانەبردوە.

کۆماری ئیسلامی گیان و ماڵ و سامانی ئەو کەسانە بە حەڵاڵ دەزانێ، گوایە کە ئەوان بە قاچاغچێتیی خۆیان کە ئەوپەڕەکەی گیانیان لێ بستێندرێ؟

کۆماری ئیسلامی کە بۆ خۆی سەرچاوەی هەموو نەهامەتی و هەژاری و مەینەتییەکانی ئەو خەڵکەیە، دەکوژێ و دەبرێ و هاواری ئەوەش دەکا کە بەرەنگاری قاچاغ دەبێتەوە، تا بەوجۆرە شەرعییەت بە ئامانجە دوژمنکارانەکانی لە دژی ئەو خەڵکە بدا. دەنا کێیە کە نەزانێ ئەو کێشەو گرفتانەی ئەو خەڵکەی ناچار بە کۆڵبەری و سنووربەزاندن کردوە، ناچار بە تێپەڕین لە هەڵدێڕ و گوڕەپانە مینەکان و بەرگە گرتن لە بەرامبەر سەرماوسۆڵەو رقی سروشت کردوە، هەر هەمووی سەرچاوەکەی بۆ سیاسەت و بیرۆکەو بەرێوبەریی ئەو رێژیمە لە کوردستان دەگەڕێتەوە.

کوردستانێکی لە دواکەوتوویيدا راگیراو، بێکاری‌یەکی کارەساتبار، هەژارییەکی لە رادەبەدەر، گرانییەکی هەسارپچڕاو و چوونە سەرێی تێچووەکانی ژیان بڵێی نەڵێی ناچارت دەکا بۆ پەیدا کردنی بژیوی ماڵ و منداڵ پەنا بەر هەر چەشنە کارێکی تاقەت پڕووکێن و مەترسیداریش بەری.

بەڵام لەگەڵ هەموو مەترسییەکانی بەردەم رێی ئەو مرۆییانە ئەو ئاماژەیەن کە ئەو رێژیمە هیچ نرخ و بەهایەک بۆ گیانی مرۆڤی کورد دانانێ، کوشتن و تاڵانی ماڵو حاڵیان بەرەوا دەزانێ، لە بەرامبەر دابینکردنی ژیانێکی شیاوی مرۆیی و خوڵقاندنی دەرفەتی کارو پەیداکردنی بژیوی ژیانی ئەو گەلە نەک خۆی بە دەروەست نازانێ، بەڵکوو هەموو پەلەقاژە سروشتییەکانی رۆلەکانی ئەو گەلە بۆ دابینکردنی لانیکەمی بژیوی ژیانیان بە ئاگرو ئاسن و کوشتن وبڕین وەڵام دەداتەوە.

ئەوە نێوەرۆکی رێژێمیکی دژە مرۆڤ و سەرەڕۆیە کە تەنیا لە رێگەی سەرکوت و زەبروزەنگەوە درێژە بە تەمەنی خۆی دەدا. بەڵام بێدەنگی لە هەمبەر ئەو هەموو جینایەتانەی رێژیم لە کوردستان لەلایەن چالاکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگای مەدەنی لە ئێران و جیهان لەگەڵ ئەوەی تاڵ و جێی داخە، ئەو دەرفەتەش بە رێژیم دەدا کە بێ‌بەزییانەتر و بێ‌ترس و دڵەراوکێ درێژە بە جینایەتە دژی مرۆییەکانی لە کوردستاندا بدا.

## کەبوودوەند:

## لە پووشپەڕدا تیرۆریزمی دەوڵەتی و سەرکوتی ناڕەزایەتییەکانی مەدەنیی خەڵک مەحکووم بکەین



محەممەد سەدیق کەبوودوەند لە بەندیخانەوە پەیامێکی ناردوە و، داوای لە خەڵکی کوردستان کردوە کە لە رۆژی تیرۆریزمی دەوڵەتی لە کوردستان و مانگی سەرکوتی ناڕەزایەتییە مەدەنییەکانی خەڵک، تیرۆریزمی دەوڵەتی و سەرکوتی ناڕەزایەتییەکانی مەدەنی خەڵک مەحکووم بکەن. دەقی پەیامەکە بەم شێوەیەیە:

لە ٢٢ی پووشپەڕی ٢٢ ساڵ لەمەو پێش دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو سکرتێری گشتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لە رەوتی دانیشتن لەگەڵ بەرپرسێکی کۆماری ئیسلامی لە ئاپارتمانێکدا لە شاری ڤییەنی پێتەختی ئوتریش کەوتە بەر هێرشی تێرۆریستی و هاوڕێ لەگەڵ دوو هاوکارەکەی کوژران ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە نوێنەری کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی جیددی بریندار نەبوو. لەو کردەوە جینایەتکارانە و ترسناکەدا کە لەپێشدا گەڵاڵەی بۆ دارێژرابوو، دەستی تێرۆریستەکان لە قۆڵی دەوڵەتێکی فەرمییەوە هاتبوونە دەرەوە، هەرچەند پاش ئەم رووداوە تێرۆریستییە کردەوە گەلێکی جینایەتکارانەی دیکەش روویان داوە، بەڵام کردەوەیەکی لەم چەشنە بەڵگەی حاشاهەڵنەگری تێرۆریزمی دەوڵەتی یە.

بە بڕوای من و هەروەها لە روانگەی رێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان، تێرۆریزم کردەوەیەکی کوێر و ناجوانمێرانەیە و ئەنجامدانی لە هەر شوێن و لە لایەن هەر کەسێکەوە، بە هەر مەبەست و ئامانجێک پاساو هەڵنەگرە و، هەڵسوکەوت و شێوازەکانی بەدەر لە ویستی ئەنجامدەرانی، کردەوەیەکی تاوانبارانە، پاساو هەڵنەگر و بە توندی رەتکراو و مەحکوومە.

من وەک خۆم لەو بڕوایەدام کە دەگونجێ رۆژی ٢٢ی پووشپەڕ وەک «رۆژی سەرکوتی تێرۆریزمی دەوڵەتی لە لایەن کۆمەڵگای مەدەنی یەوە» ناودێر بکەین و هەروەها ئەو مانگە بە «مانگی دەربڕینی قین و بێزاریی گشتی لەمەڕ سەرکوتەکانی دەوڵەتی» ناوزەد بکەین. چونکە لە وەها مانگێکدا لە ساڵی ١٣٨٤ ناڕەزایەتییەکانی مەدەنیی گشتیی خەڵکی کورد رووبەڕووی سەرکوتی توند بۆوە، بە چەشنێک کە دەیان کوژراو و برینداری لێکەوتەوە و سەدان کەس قۆڵبەست کران و راپێچی زیندان کران. بەم پێیە لە خەڵکی کورد لە پارێزگاکانی ئیلام، کرماشان، سنە، ورمێ، هەمەدان، لۆڕستان و باکووری خوراسان داوا دەکەم، هاودەنگ لەگەڵ رێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان، کەڵک وەرگرتن لە ئامرازی تێرۆر لە لایەن دەوڵەتەوە، تێرۆریزمی دەوڵەتی و هەروەها سەرکوتی ناڕەزایەتییەکانی مەدەنی و ئاشتیخوازانەی خەڵک لە لایەن دەوڵەتەوە مەحکووم بکەین.

**بەندیخانەی ئێڤین**
**دووشوممە ٦ی پووشپەڕ**
**٢٧ی ژووئەن**

# ژنان لە تان و پۆی ناسیۆنالیزم دا*

سۆران عەلیپوور

کورد وەک قەوارەیەکی نایەکگرتوو و ناسنامەیەکی بریندارو جوغرافیایەکی پارچەپارچەبوو، یەکێک لە گرێ ئاڵۆزەکانی دنیای مۆدێرنە، چیرۆکی گەڕان بە دوای شوناس و شوێنگەی خۆی دا و شکستە یەک لە دوای یەکەکانی لە گەیشتن بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دا، تاکی کوردی کردووە بە بوونەوەرێکی ئایدیالیست کە هاوکات کەسایەتییەکی ناجێگیر و شوێنگەیەکی ناجێگیر و دەروونێکی ناجێگیری هەیە و ئەو وێناکردنە لە سەر ئاستێکی فراوانتریش و لە سەر ژیان و ژیاری گرووپی ئەو مرۆڤانە وەک نەتەوەیەک هەمان ڕەنگ دانەوەی هەبووە،گرێی دەروونی نەگەیشتن بە خەونی ناسیۆنالیستی و قەوارەی سیاسی بەشێکی بەرچاوی شوناسی کوردی داگیرکردووە.

خولیای دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی پشکێکی گەورەی لە مێژووی مۆدێرن و هاوچەرخی کوردیدا پێ براوە، قەڵەمڕەوی ئەو تێڕوانینە ئیدیالیستیە و کارکردی لە سەر ئەرزی واقع هێند بەربلاوە کە سەرلەبەری هێز و پوتانسیەلی کۆمەڵی کوردی بە ژنانیشەوە خستۆتە ژێر هەژموونی خۆیەوە. سەفەری مرۆڤی کورد بۆ گەڕان بە دوای ناسنامەو هۆویەتیی پارچە پارچەکراویی دا بووە بە گوتاری باڵادەست، هەژاری تیۆریک و دواکەوتویی و نەخوێندەواری و لاوازی ڕێبەریی و کێشە و ململانێ نێوخۆییەکان و فاکتەرە دەرەکییەکان و .......نەیانتوانیوە ڕۆڵی ژنان وەک هێزێکی مرۆیی گەورە و توێژێکی کۆمەڵایەتیی یەکلاکەرەوەو لەو سەفەری گەڕان بە دوای هۆویەتە دا دەرک بکەن.

ڕێکخراو و دامەزراوە سیاسییەکان کە نوێنەرایەتیی خەونە ئایدیالیستییەکانی کورد دەکەن، زیاتر لە دیاردەکانی دیکەی مێژووی هاوچەرخی ئێمە پێویستیان بە خوێندنەوەو لێ تێگەیشتن هەیە، پارادۆکسی دامەزراندنیان لە نێوان فۆرمێکی مۆدێرن و ئامانجی مۆدێرن لە لایەک و پێکهاتەیەکی نەریتی لە نێوخۆی ڕێکخراوەکان دا و لە کۆمەڵگەی کوردیش دا ئەوانی لەگەڵ دەردێکی زگماک دا گیرۆدە کرد، نەخۆشی چۆنیەتیی پێناس کردنی خۆیان لە نێو پێکهاتەی ئاڵۆزو لێک دابڕاوی کۆمەڵگەی کوردی دا. ئەوە فاکتێکی سەرەکی بوو لەوەی کە دروشمە پێکهاتەشکێن و مۆدێرنەکان تەنانەت لەگەڵ کەشی نێوخۆی ڕێکخراوەکانیش دا وەک تێکستێکی دەق نەشکاوی نێو پێڕەو و پرۆگرامەکان بمێنێتەوە.

ئایا بزووتنەوە و پارتە کوردییەکان چۆن لەگەڵ هاوسەفەرێکی دیکەدا کە هاوکات خەونی یەکسانی و فێمینیستیی لە سەر دایە مامەڵەیان کردوە و دەکەن؟ ئایا سەفەری ئەو دوو ڕێبوارە بەرەو یەک وێستگەیە و بەردەوامی کامەیان بە ئەوەی دیکەیانەوە بەستراوەتەوە؟

مێژووی کەم نەتەوە هێندەی نەتەوەی کورد، بە تایبەت لە دووسەد ساڵی ڕابردوودا بە بزووتنەوە و ڕاپەڕینەکانیەوە بەستراوەتەوە، وێنا کردنی مێژووی نوێی کوردەکان بە بێ وێنا کردنی ڕاپەڕین و بزوتنەوەکانیان کارێکی ئەستەم و پڕ کەم و کوریە، ئەو دۆخە ئەگەر خاڵێکی ئەرێنی هەیە واتە فۆکوس کردن لە سەر دڵی هەمیشە زیندووی نەتەوەیەک کە بۆ ئازادی لێدەدا، لە هەمان کاتدا تایبەتمەندی نەرێنیشی زۆرن، لەوانە پشت گوێ خستنی خوێندنەوە و لێکدانەوەی لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ژیاریی و شارستانی کورد. لە ڕووی تیۆرییەوە یەکێک لە قوربانییەکانی ئەو دەرکەوتەیە ژنانن، ئەو هێژموونییە هەم ڕەنگ و ڕوویەکی سیاسی دەدا بە کێشەی ژنان و دوای دەخا بۆ سەردەمێکی دیکە، هەم ڕۆڵی ژنانیش لە خودی هێژموونیەکەدا لاواز دەکا.

**لەبارەی بزووتنەوەوە:**

یادەوەرییەک کە لە بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان هەیە، خودی چەمکی «بزووتنەوە»ی تووشی لێلی و ئەو کەسانەشی تووشی دردۆنگی کردووە کە بە جۆرێک پێوەندیان بە بزووتنەوەکانەوە هەیە، توێژینەوە کلاسیکییەکان باسیان لە خۆڕسک بوون و بەرفراوانی و بەهێزی و پێگەیشتوویی بزووتنەوەکان دەکرد، وەک بزووتنەوەی بەلشەوییەکانی ڕوسیە، یا بزووتنەوەکەی مهاتما گاندی... لە کاتێک دا ڕوانگەی نوێ بۆ «بزووتنەوە» جۆرێک لە پێرسپێکتیڤ دەخاتە ڕوو کە لەگەڵ ڕوانگە کلاسیکیەکە مەودا دەگرێ.

ڕۆدێلف هێبێرل دەڵێ: «بزووتنەوە هەوڵێکی گشتییە بۆ گەیشتن بۆ کۆمەڵە داواکارییەک بە تایبەتیی گۆڕینی هێندێک نەهادی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو» لە لایەکی دیکەوە هێربێرت بلومێر دەنووسێ: «کۆمەلە دەسپێشخەرییەکە بە مەبەستیی دروست کردنی نەزمێکی نوێ لە ژیان دا»

تایبەتمەنییەکانی بزووتنەوەیەک چییە؟

* بزووتنەوە لە دەروونی کۆمەڵێک خەڵکی ناڕازییەوە سەرهەڵبدا، واتە خەڵکێک هەبن کە دژایەتی دۆخی هەنووکەیی بکەن.

* بێجگە لە دژایەتی کردنەکە بەرەو ڕەخنە گرتن لە نۆرم و گۆڕینی ستراکتۆرەکانیش هەنگاو بنێن، ئەو دژایەتی کردنە دەتوانێ ڕووی لە مەسەلەیەکی تایبەتی بێ یان بە گشتی دۆخی هەنووکەیی بێنێتە ژێر پرسیار.

* بۆ وەدیهێنانی ئەو گۆڕانکاریانە دەبێ بۆ ماوەیەکی درێژ لە مەیدانی پراکتیک دا بوونیان هەبێ و بەردەوام بن، تایبەتمەندی(بەردەوامی) لای زۆربەی تیۆریسیەنەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان پەسندە.

* بە پێچەوانەی دیدی باو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە تەواوی ڕێکخراو و ئۆرگانی نین، تیۆریسیەنەکانی وەک فریمان و هێبێرل پێیان وایە کە پێویستە بزووتنەوەکان خاوەنی سترەکتورێک بن، بەلام هەبوونی ڕێکخراوێک یان حیزبێکی سیاسی پێویست نیە.



**ئەو دیدە بیۆلۆژیکییە  کە جەستەی ژن و خاکی نیشتمان لە یەک گرێ دەدا، لە لایەکەوە درێژ کردنەوەی نەفەسی خێڵ و کلتووری خێڵە، لە لایەکی دیکەشەوە بە میحوەر کردنەوەی ڕۆڵی پیاو و لە پەراوێز خستنی ژنانە لە دیسکۆرسی ناسیۆنالیزمی کوردیی دا**

* تایبەتمەندی پێنجەم کە زۆر گرینگی پێ دەدرێ، هەبوونی تەعەهودێک و دەرکێکی گشتییە لە ئامانجەکان، هێبرێل بەوە دەڵێ» هەستی شوناسی گرووپی». واتە ئێنتمایەک کە گروپێک پێکەوە گرێ دەدا.

ئەو تایبەتمەندیانە دەکەینە بەردەبازێک بۆ پرسیارێکی کلێشەیی لە دنیای ئێمە دا، کە ئەرێ گەلۆ بزووتنەوەی فێمینزم لە کوردستان بوونی هەیە یان نا؟ لە بنەڕەتەوە کۆمەڵێک کەس لەگەڵ هێنانە گۆری پرسیارێکی ئاوا کێشەیان هەیە، بە گەڕانەوە بۆ ئەو پاساوەی کە فێمینیزم ناتوانێ لۆکالی بکرێ و ئەو فۆرمە گلۆبالی و سنوور نەناسییەی ون بکا. ئەو گرووپەی دیکەش کە بە بەڵێ یان نەخێر وڵام دەدەنەوە، کۆمەڵێک فاکت دەخەنە ڕوو. کە لەو وتارەدا ناپڕژێینە سەری. خودی پرسیارەکە هەرچەند لە وروژاندنی دا سادەییەک بەدی دەکرێ، بەڵام بە وڵامێکی ئەبستراکت و یەک لایەنە قەناعەت ناکا، لەوانەیە ئەو ڕێژەیی بوونە پارسەنگێکی لۆژیکی بێ لە پرسیارە تیۆرییەکان دا. بە گەڕانەوە بۆ ئەو تایبەتمەندییانەی کە دەبێ بزووتنەوەیەک هەیبێ، ئاشکرا دەبێ کە لە کوردستان دا بزووتنەوەیەکی ژنانە هەیە کە هەڵگری بەشێک لەو خەسڵەتانە بێ و لە هێندێکیشیان بێبەری بێ، بۆ نموونە ئەو بزووتنەوەیە خاوەنی ساختارێکی دیاریکراوی فکری و تەعەهود و ئینتمایەکی گرووپی نییە، لە نەبوونی ئەو دوو تایبەتمەندییەدا ناتوانین هەبوونی بزووتنەوەیەکی ژنانە ئینکار بکەین، بەو بەڵگەیە کە کۆمەڵێک ژنی ناڕازی چ لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی کوردی و چ لە هەناوی کۆمەڵی کوردیدا کە دژایەتیی دۆخی هەنووکەیی دەکەن بوونیان هەیە و ڕابردوویەکیشیان لە هەوڵ و بەربەرەکانیی لەو ڕێگەیەدا تۆمار کردووە. کەواتە بزووتنەوەیەکی فۆرم نەگرتووی پێنەگەییشتووی ژنان لە کوردستان دا هەیە، لە توێی پرۆسەیەک دا خەریکی دروست بوون و گەشە کردنە و خاوەنی تیۆریسیەن و بنەمایەکی فکری دیاریکراو نییە.

ویلیەم ئۆنیل کاتێک نووسی: فێمینیسم پێش ئەوەی چاوەڕێی دەرکەوتنی لینینێک بێ دەبێ مارکسێکی خۆی هەبێ، ئاگای لە هەژاری تیۆری فیمینیزم هەبوو، ئەو واتایە لە هەموو کاتێک زیاتر لە پێوەندی لەگەڵ فێمینیزم لە کوردستان دا کالای پڕ بە بالایە.

کەسێک کە بتوانێ بنیادە تیۆری و فکرییەکانی فێمینیزم دابڕێژێ غایب بووە، یان هەوڵ بدا پێناسێکی خۆماڵیانە لە خەباتی ژنان بە دەستەوە بدا. سیمۆن دێبۆڤوارێک هەبێ بڵێ ژن لە پرۆسەیەکی مێژوویی دا بووە بە ژن، بنووسێ کە ژن ئیرادەیەکی سەربەخۆی نەبووە و هەرچی کردوویەتیی بە جۆرێکی دیکە خزمەت کردنەوە بە پیاوسالاری بووە، ئاخۆ ئەو پرۆسە مێژووییەی کە ژنی کردووە بە ژن لە کوردستان چۆن بووەو لە چ بەستێنێکی کلتووری و کۆمەڵایەتی و ئابوریدا ئەو پرۆسێسە گەیشتۆتە ئەوپەری خۆی؟

کەواتە هەژاری تیۆریکی لە بزووتنەوەی ژنان دا یا لە فێمێنیزم دا دەبێ خەمی گەورەی ژنانی کورد بێ، هەر لێکۆلینەوەیەک لەوبارەوە بکرێ، بێ ئەوەی بتوانێ بنیادە مێژووییەکانی دیاردەی ژن بوون لە کۆمەڵگەی کوردی دا ئاشکرا بکا  کەم و کورییەکی هەرە گەورەی ئەوە دەبێ کە چەند ئەڵقەی ئەو زنجیرەیە بە ونی دەمێنێتەوە.

کاتێک باس لە ژنی کورد دەکرێ، هیچ وێنەیەکی گشتگیر و ئەبستراکت لە ژنی کوردی بە دەستەوە نییە، یا لە بنەڕەتەوە بە هۆی پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆری ژنانی کورد ناتوانین پێناسێکی هاوبەشمان لە ژنی کورد هەبێ، بە تایبەت ئەگەر ئەو پێناسە لەگەڵ لێکدانەوەیەکی فێمێنیستی دا تەفسیر بکرێ، ئایا خانمێکی شارنشین کە پلەیەکی خوێندەواری بەرزی هەیە و لە ڕووی ئابوورییەوە جۆرێک لە سەربەخۆیی هەیە لەگەڵ ژنە کوردێکی دێهات نشین کە دەرفەتی خوێندەوار بوونی نەبووە و لە ڕووی ئابووریشەوە تەواو پەیوەستە بە شێوازی وەبەرهێنانی سەرەتایی کە پیاو لە لوتکەکەی دایە، دەخرێنە تای یەک تەرازوو؟ کەواتە ئەگەر بۆ ژنی ئەو دێهاتە دوورەدەستە ئەوە گونجاوە کە بە گەڕانەوە بۆ شەپۆلی یەکەمی فێمێنیزم، هەوڵی خوێندەوار بوونی بدرێ و کەشێکی شیاوی کار کردن و مافی مندال بوون و منداڵداری...... بۆ دەستەبەر بکرێ، کە دێتە سەر باسی ژنە خوێندەوار و کارمەندە شارنشینەکە چیدیکە داخوازییەکانی شەپۆلی یەکەمی فێمێنیزم وەلامدەر نین. ئەوە بەو واتایە نییە کە خەمێکی هاوبەش بە ناوی خەمی ژنی کورد بوونی نییە.

**بزووتنەوەی سیاسیی کورد و ژنان**

بزووتنەوەی سیاسیی کوردی لە سەرەتاکانی سەدەی بیست دا لە سەر دەستی دوو نەوە گەشە دەکا، نەوەیەکی نەریتی و ئاینی، خاوەن نفووزێکی کۆمەڵایەتیی یەکجار زۆر، کە شێخەکان و کەسایەتیە ئاینییەکان و سەرۆک عەشیرەتەکان لە خۆ دەگرن، نەوەیەکی ڕۆشنبیری وردە بۆرژوا کە لە ئەستەمبوول و شارە گەورەکانی کوردستان و چەند وڵاتێکی ناوچەکە نیشتەجێن و لە ژێر کاریگەری ڕۆژئاوادان، بێگومان ئەو دابەش کردنە ڕێژەییە و لە نێو هەڵبژاردەی ڕۆشنبیر و خوێندەواریش دا، کەسانێک بەدی دەکران کە سەر بە پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی بەهێز بوون، یان لە نێو نەوە نەریتییەکەش دا روخساری پێشکەوتووخواز و مۆدێرن هەبوون. پاشماوە و کاریگەرییەکانی ئەو دابەش بوونە تا ئێستاش لە بزووتنەوەی سیاسی کوردی دا دەبینرێن.

ئەو جیاوازییە لە سەر کارکردی بزووتنەوەی سیاسی دا جێ پەنجە دادەنێ و هەڵوێستەکانیان لە ئاست زۆر کێشەی چارەنوس ساز دا لێک دادەبڕێ، بۆ نموونە نەوەی نوێخواز لە ژێر کاریگەری ڕۆژئاوا و شەپۆلی یەکەمی فێمینیزم دا هەر زوو ڕێکخراوێک بۆ ژنان دادەمەزرێنن، نەوەکەی دیکەش کە نەوەی ئاینی و نەریتی کۆمەڵایەتیی کوردییە تا سەردەمی کۆماری کوردستان کە لەوێدا تایبەتمەندییەکانی هەر دوو نەوە لە نێو کەسایەتییەکی وەک قازی محەمەد دا یەک دەگرنەوە و نموونەیەکی دیکە لە شێوازی خەبات و ناسیۆنالیزم بەدەستەوە دەدا، ناپڕژێتە سەر دۆزی ژنان.

لە ساڵی ١٩١٩ کۆمەڵەی پێشخستنی ژنی کورد لە لایەن ژنەکانی کۆمەڵێک روناکبیر و کەسایەتیی سیاسی کورد لە ئەستەمبول دامەزرا و وەک لقێک لە کۆمەڵەی پێشخستنی کوردستان کاری دەکرد، ئەوان گۆڤاری « ژن»یان بڵاو کردەوە کە وەک زۆر هەنگاوی سەرەتایی دیکەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست دا گرینگی بە بردنە سەری ئاستی خوێندەواری ژنان و بەهێزتر کردنی پێگەی ژنان لە کۆمەڵ و بنەماڵەدا دەدا.

ناسیۆنالیزم لەو کۆمەڵگانەدا کە پێشتر پێکهاتەیەکی نەریتی و خێڵەکییان هەبووە، دەکەوێتە نێو پێوەندیەکی ئاڵۆز لەگەڵ نۆرم و ستراکتۆرە نەریتییە بەهێزەکان لە لایەک و نێوەرۆکی مۆدێرنی خۆی لە لایەکی دیکەوە. ستراکتۆرە نەریتییەکان ئەگەر زەرفیەتیی جێکردنەوەی ئەو گوتارە مۆدێرنانەیان لە نێوخۆیان دا هەیە، توانای کۆنترۆڵ کردن و هاوڕەنگ کردنی ئەو گوتارانەشیان هەیە، بە جۆرێک کە پێکهاتە و نۆرمە نەریتییەکان جارێکی دیکە لە نێو گوتارە مۆدێرنەکان دا خۆیان دووبارە دەکەنەوە.

شارەگی مانەوە و بەردەوامبوون لە خێڵێک دا گواستنەوەی خوێنە لە باوانەوە بۆ نەوەکان و هاوکات پاراستنی ئەو نۆرمەیە، ئەوە خەسڵەتێکی بەرچاوی کۆمەڵێکی باوکسالاریشە، پرۆسەی ناسیونالیزمیش لە کوردستان دا لە سەردەمێک دا سەرەتاکانی دەردەکەوێ، کە سیستمی خێڵەکی ـ باوکسالاری هەرچەند داهاتوویەکی گەشی نیەو ڕۆژگاری زێرینی خۆی تێپەر کردووە، بەڵام هەروا سیستمی کۆمەڵایەتی باڵادەستە، بۆیە گوتاری سیاسی کوردی ئەو پەیوەندی خوێنە لە نۆرمێکی کۆمەڵایەتییەوە دەگوازێتەوە بۆ مەیدانێکی بەرفراوانتری سیاسی و روخسارێکی مۆدێرنی پێ دەبەخشێ.

لە خێڵ دا شەرەف و ئابرووی خێڵ وەک ئەمانەت لای ژن دانراوە، دۆڕاندنی ئەو ئەمانەتە

ل ٩

# ٢٤ساڵ ڕەنج و ئازار

سیروان موساپوور

٧ی پووشپەڕی ئەمساڵ ٢٤ساڵ بەسەر کارەساتی دڵتەزێنی بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشتدا تێپەڕێ. نزیکەی ساڵێک پێش تەواوبوونی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران ـ عێراق، لە ڕۆژی٧ پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی، شاری سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە لایەن فڕۆکە بۆمب هاوێژەکانی ڕێژیمی بەعسەوە بۆردومانی شیمیایی کرا و لە ئاکامی ئەم کردەوە دژەمرۆییەدا زیاتر لە سەد کەس شەهید و بە هەزاران کەسیش بریندار و ژاراوی بوون کە ئێستاکەش پاش تێپەڕینی ساڵانێکی زۆر بەشێکی زۆری ئەو بەرکەوتووانە بەدەست ئازاری جەستەیی و دەروونییەوە دەناڵێنن.

هەرچەندە بە پێی یاسا و کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکان بە تایبەت یاساکانی ساڵی ١٨٧٤ی کۆنفڕانسی بروکسێل و ساڵەکانی ١٨٩٩ و ١٩٠٧ی کۆنفڕانسی لاهە، وڵاتانی شەڕکەر دەبێ لە هەر چەشنە دەسدرێژی و هێرش بۆ سەر کەسانی ئاسایی و غەیرە نیزامی و ناوچەکانی جێ نیشتەجێبوونی خەڵکی سڤیل و مەدەنی و هەروەها کەڵک وەرگرتن لە چەک و ئامرازە قەدەغە کراوەکان خۆ بپارێزن، بەڵام لە ماوەی هەشت ساڵ شەڕی نێوان ئێران و عێراق بە دەیان و سەدان جار ئەم یاسایانە پێشێل کران و لە ئاکامی ئەم پێشێلکارییانەشدا بە دەیان و سەدان کارەسات و ڕووداوی دژەمرۆیی ڕوویان داوە کە یەکێک لەوان، بۆمبارانی شاری سەردەشتە کە تێیدا هەم کەڵک لە چەک و ئامرازی قەدەغەکراو وەرگیرا و هەم کەسانی مەدەنی و بێدیفاع بوونە قوربانی.

شاری سەردەشت بەهۆی ئەوەکە لەسەر سنووری نێوان ئێران و عێراق هەڵکەوتووە، چ لە ماوەی شەڕی درێژخایەنی ئەم دوو وڵاتەدا و چ دوای تەواوبوونی شەڕ بەهۆی ئاسەوارە زیانبارەکانی دوای شەڕ، بەردەوام قوربانی داوە و خەڵکەکەی تووشی ڕەنج و ئازار بوون. بەڵام هەتا ئێستاش لە لایەن دەسەڵاتی فەرمانڕەواوە بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدراوە و بگرە خۆی هۆکارێکە بۆ لەدواکەوتوییدا هێشتنەوەی ئەم شارە و درێژەدانی ئەم ڕەنج و ئازارە. بەڵام بۆچی ئەم شارە لەم کاتەدا و بەم شێوەیە کەوتە بەر ڕق و غەزەبی حکوومەتی بەعسی ڕووخاو و بەم چەشنە لە چەند ساتێکدا هەزاران کەسی تووشی ڕۆژەڕەشی کرد، پرسیارێکە کە هەرکەس دەتوانێ بە چەشنێک وەڵامی بداتەوە.

ئەوەی لێرەدا دەمهەوێ بە کورتی باسی بکەم ئەوەیە کە بەداخەوە لە ماوەی ئەم ٢٤ساڵەدا هەتا ئێستا، خەڵکی شاری سەردەشت بە گشتی لە ڕەنجێکی کۆتایی نەهاتوو و، بەرکەوتووان و بریندارانی ئەم کارەساتەش لە ئازارێکی لەبڕان نەهاتوودا دەژین. ٢٤ساڵ بایەخ پێنەدان و گوێ لێ خەواندن، ٢٤ساڵ ژیان لە بێ ئیمکاناتی و دواکەوتوییدا، ٢٤ساڵ پێڕانەگەیشتن و بە دەردەوە نەهاتن و، ٢٤ساڵ ڕەنج و ئازار. ڕەنج و کوێرەوەری بۆ بەشێکی بەرچاوی خەڵک و ئازارێکی ئۆقرەبڕیش بۆ ئەوانەی ئازیزانیان لەم کارەساتەدا لەدەست داون یان خۆیان بە دەم دەردەکانی تووشبوو بە هۆی ئەم گازەژەهراوییانەوە دەتلێنەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنج و لەڕاستیدا جێگەی گلەییشە، ئەوەیەکە بەداخەوە هەتا ئێستاش کارەساتی ٧ی پووشپەڕی شاری سەردەشت و برینداران و کەسوکاری شەهیدانی ئەم ڕووداوە، بایەخی خۆیان پێنەدراوە و بە چەشنێکی شایان باسیان لێ نەکراوە. تا ئەو جێگەیەی دەگەڕێتەوە بۆ سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ئەوە شتێکی ڕوون و ئاشکرایە لەگەڵ ئەوەی خۆی بۆتە هۆکاری ڕوودانی دەیان کارەسات وماڵوێرانی بۆ خەڵکی کوردستان بە گشتی، بەڵام زۆرجار دەبێتە ڕێگر و لەمپەری یادکردنەوە و گەورەکردنەوەی ئەم یادانە لە کۆڕ و کۆمەڵە نێوخۆیی و نێونەتەوەییەکاندا، یان زۆرجار بۆ بەرژەوەندی خۆی کەڵکیان لێ وەردەگرێ. بەڵام با ئەو ڕاستییەش بڵێین کە لە ماوەی ئەم ٢٤ساڵەدا حیزب و لایەنەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی بە کورد و غەیرەکوردەوە زۆر بە کەمی یادی ئەم ڕووداوە تاڵەیان کردۆتەوە و ئەگەر یادێکیش کرابێتەوە یان ڕێوڕەسمێکیش بەڕێوەچووبێ، ئەوا لە ئاستێکی زۆر نزمدا بووە. ئەمساڵ کە ٢٤ ساڵ بەسەر ئەم کارەساتەدا تێپەڕ (دەبێ، خەڵکی شاری سەردەشت بێجگە لە یەک دوو شوێن نەبێ) هەر خۆیان خەمی خۆیان لە ئامێزا ڕادەژێنن و هەر خۆیان فرمێسکی بێکەسی و تەنیایی خۆیان هەڵدەڕێژن. لە کەمتر سایت و تەلەویزیۆنێکدا باس و یادی ئەم ڕووداوە دژەمرۆییە کراوە و ئەوەندەش کە کراوە، بە هیچ شێوەیەک لە ئاستی یادکردنەوەی وەها ڕۆژێکدا نییە.

ئەگەر خەڵکی شارەکانی کوردستان ئەمڕۆکە لەژێر سایەی شوومی دەسەڵاتداریێتی کۆماری ئیسلامیدا ناتوانن بە شێوەیەکی شیاو یادی قوربانییانی ئەو کارەساتە بکەنەوەو هاودەردی خۆیان لەگەڵ خەڵکی شاری سەردەشت دەرببڕن، ئەوا حیزب و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لەم بەشە لە کوردستاندا و ڕێکخراو و کەسایەتییە کوردەکانی دانیشتووی وڵاتانی دەرەوە بە لەبەردەستدابوونی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و هەبوونی پێوەندی لەگەڵ دنیای دەرەوە و دۆستایەتی لەگەڵ ڕێکخراو و کەسایەتییە بیانییەکان، دەیانتوانی و دەتوانن بە باسکردن و ئاشکراکردنی لایەنەجۆراوجۆرەکانی ئەم کارەساتە لە کۆڕوکۆبوونەوە گەورە و نێونەتەوەییەکاندا، هەوڵی بە دنیا ناساندنی ئەم مەسەلەیە بدەن و کەیسی بۆمبارانی شیمیایی ئەم شارە لە دادگا نێونەتەوەییەکاندا بخەنەڕوو.

لە٢٤ساڵەی شیمیایی بارانی ئەم شارەدا، هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی هەموو ئەو کەسانەی کە بێبەزەییانە گیانیان لەدەست دا. بەو ئاواتەی بە هەوڵ و هیممەت و دلسۆزیی هەموو لایەک بتوانرێ تۆزقاڵێک لە ئێش و ئازارەکانی کەسوکار و بنەماڵەی شەهیدان و بەرکەوتووانی ئەم کارەساتە دڕندانە و دژەمرۆییەدا کەم بکرێتەوە.



---

دریژەی:

# ژنان لە تان و پۆی ناسیۆنالیزم دا*

زەربە دانە لە بەهێزترین نۆرمی خێڵ کە پیاوەتییە، ئەو چەمکە لە خێڵەوە دەگوازرێتەوە نێو ناسیۆنالیزم و ئەو لەگەڵ داتاکانی مۆدێرنە دا ئاوێتە دەکرێ، نیشتمان و کوردستان دەبن بە مێ و پیاوانی وڵات دەبێ وەک کوڕە بەوەفاکانی خێڵ بەرگری لێبکەن، لە کۆماری کوردستان دا و لە شانۆی دایکی نیشتمان دا ئەو گرێ دەروونییە بە تەواوی زاڵە. بەخشینی بەهایەکی کۆمەڵایەتیی شەرەفمەندانە بە ژن هاوشانە لەگەڵ بەخشینی بەهایەکی شەرەفمەندانە بە خاک.

ئەو دیدە بیۆلۆژیکییە کە جەستەی ژن و خاکی نیشتمان لە یەک گرێ دەدا، لە لایەکەوە درێژ کردنەوەی نەفەسی خێڵ و کلتووری خێڵە، لە لایەکی دیکەشەوە بە میحوەر کردنەوەی ڕۆڵی پیاو و لە پەراوێز خستنی ژنانە لە دیسکۆرسی ناسیۆنالیزمی کوردیی دا. خاک وجەستەی ژن دەبێ کۆنترۆڵ بکرێن، یەکەم هەنگاوی کۆنترۆڵ کردنی ئیرادەو فکری مرۆڤیش کۆنترۆڵ کردنی جەستەیەتیی. لە حالێک دا نەتەوە دروست بووی دۆخێکی سیاسی و کلتووری جیاوازە، ئەو بە جەستە کردنەی نەتەوە و نیشتمان خزمەت بەو دیدە ئیدیالیست و میتافیزیکییە دەکا کە لە ژێر پەردەی ئەوەدا هەزاران تاوان دەتوانرێ ئەنجام بدرێ. پاراستنی جەستەی ژن لە بەرانبەر نەیاراندا هاومانا دەکرێ لەگەڵ پاراستنی سنوورەکانی نیشتمانی ناسیۆنالیستی. بۆیەش جەستەی ژن وەک سنوورەکانی وڵات، دەبێ چاوەدێری لێ بکرێ و بەردەوام لە ژێر کۆنترۆڵی پیاواندا بێ. گورزێک کە ئەو تێڕوانینە لە ناسیۆنالیزمی داوە،شێواندنی ئینتیمای تاکەکانە بۆ خاک و نیشتمان، ئەو ئینتیمایە لەسەر بنەمای کۆمەڵێک نۆرمی نەریتی دادەمەزرێ کە لە پارادۆکسێکی گەورەدان لەگەڵ خودی ناسیۆنالیزم. ئەو ئینتمایەی کە بە شەرەف و پیاوەتیی و دیدێکی بیۆلۆژیک بۆ نیشتمان ڕەنگامێز دەکرێ، ڕۆڵی ژنان لە ناسیۆنالیزم دا کەمڕەنگ دەکاتەوە بۆ بوونەوەرێک کە کارگەی بەرهەمهێنانی ڕۆڵەی دڵسۆز و وەفادارە. تەنانەت ئەگەر لە جەوهەردا ناسیۆنالیزم و فێمێنیزم ناکۆک نەبن، بەڵام ئەو خوێندنەوەیە لە دیسکۆرسی ناسیۆنالیستی دا شوێنگەیەک بۆ نیوەکەی دیکەی کۆمەڵ ناهێڵێتەوە، خەسارناسی پەراوێز کردنی ئەو پوتانسیەلە بالقوە یە سوژەیەکی گرینگی توێژینەوەیە.

بە دیدێکی سیمۆن دی بۆڤوارانە ژن لە دیسکۆرسی ناسیۆنالیزمی کوردیدا پێناسێکی بوونناسانەی سەربەخۆی لە وجودی خۆی نییە، زیاتر وەک مۆدێلێک، وەک ئامرازێک هێندێک جار وەک دیکۆرێک یان وەک کلێشییەکی سیاسی کەلکی لێوەرگیراوە.

هەبوونی ڕوانگەیەکی عەقلانی بۆ نەتەوە و ناسیۆنالیزم پێشمەرجێکی گرینگە کە فێمێنیزم لە کوردستان دا بتوانێ تەعریفێکی نوێ لە خۆی و ناسیۆنالیزمیش بەدەستەوە بدا، ئەو ڕوانگە عەقلانییە واتە گەڕاندنەوەی نەتەوە بۆ نێو کات و شوێن و ناساندنی وەک دیاردەیەکی مۆدێرن کە لە ئەنجامی پرۆسەیەکی مێژوویی دا دروست بووە و ناسیۆنالیزمیش دیسکۆرسێکە بۆ گەیاندنی نەتەوە بە دەوڵەت. خاڵی کردنەوەی ئەو چەمکە لەو تابۆ و پیرۆزییانە کە خزمەت بە بازارگەرمی هێندێک گرووپی دیاریکراو دەکەن لە بەهێزکردنی ڕوخساری فێمینیستی جووڵانەوەی ناسیۆنالیستی کورد و بەرجەستەکردن و زەقترکردنەوەی دەوری ژنان لەم جووڵانەوەیەدا ڕۆڵی کاریگەر دەبینێ.

گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی و تەنانەت گوتاری چەپیش بەو پێیە کە خۆیان لەبەرامبەر ئەویتر دا پێناس دەکەنەوە و بنیاد دەنێن، لە ژێر هێژموونی ڕوانگەیەکی ئینقلابی دان، ئەو دیدە ئینقلابییە لەگەڵ چارەسەرکردنێکی کلێشەیی لە کورترین ماوەدایە، سیستمێکی سیاسی بڕوا و یەکێکی دیکە بێ، ئەوە لە پێوەندی لەگەڵ فێمێنیزم دا مسداقیەتی خۆی لە دەست دەدا. فێمێنیزم تەنها بزووتنەوەیەکی ئینقلابی نییە، بزووتنەوەی ژنانی کورد کەم و زۆر لە ژێر کاریگەری ئەو شەپۆلەدایەو ئەو دۆخە ناتوانێ ریشە کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکانی کێشەی ژنان بناسێ، سەرەنجام دوای نەمانی هەر سیستمێک دەبێ خەونە فێمێنستییەکان بۆ داهاتوویەکی دیکە دوابخرێن. لە ڕوانگەی ناسیۆنالیستەکانەوە بۆ سەردەمی دامەزرانی دەوڵەتی نەتەوەیی و لە ڕوانگەی چەپەکانیشەوە بۆ سەردەمی دوای نەمانی جیاوازی چینایەتیی. ئەو زمانەش کە ئەو دۆخە دروستی دەکا، زمانێکی هەراش و توندوتیژی پیاوسالارانەیە، زمان دەکرێتە پانتاییەکی دیکەی بەرهەمهێنانەوەی کلتووری خێڵ لە فەرهەنگی ناسیۆنالیزم دا.

بە گەڕانەوە بۆ ڕابردووی خەباتی چەکداری و تێڕوانینی پیاو لەسەر جەستەی ژن ڕۆڵی ژنان لە خەباتی چەکداری دا دەتوانین لە پێگەی ژن لەو خەباتەدا ڕابمێنین، لە شەڕی چەکداری دا ڕۆڵی ژنان ڕۆڵێکی لاوەکییە، ئەو ڕۆڵە لە ڕووی لۆجستیکییەوە گرینگە، بەڵام ژن لە سەنتەری ڕووداوەکان دینێتە دەرێ و لەوێشەوە ڕۆڵی ئەو لە بزووتنەوەی سیاسی دا کەمڕەنگ دەکاتەوە. لە بەرامبەردا تا بزووتنەوەی سیاسی کوردی مەدەنیتر بێ ڕۆڵی ژنان لەو بزووتنەوەیەدا زیاتر دەبێ، خەباتی مەدەنی کوردەکانی باکووری کوردستان و چالاکوانانی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا لەو پێوەندییەدا بەڵگەیەکی ڕوونن.

لەگەڵ هەموو ئەوانەدا بزووتنەوەی ژنان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دا ڕەوتێکی بەرەوژووری پێواوە، ئەگەر لە سەدەی بیست دا ڕاپەرینی سمایل ئاغای شکاک و دامەزراندنی کۆماری کوردستان و ڕاپەرینی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ دا بکەینە سێ وێستگە بۆ تێڕامان، دەتوانین ئەو بانگەشەیە بسەلمێنین. هەر یەک لەو سەردەمانە کۆمەڵێک تایبەتمەندی و خەسلەتیی تایبەت بە خۆیان هەیە کە وێڕای مەودای زەمانیان لە یەکدی، بە هێندێک تایبەتمەندی دیکەش دەناسرێنەوە، سەرنج دان لەو تایبەتمەندییانە و چۆنیەتیی و چەندیەتیی بەشداری ژنان لەو سێ وێستگە مێژووییەدا، وێڕای وڵام دانەوەی چەند پرسیارێک، ڕەوتی بەرەوپێش چوون و گەشەکردن و بووژانەوەی هێزێکی دیکەی کۆمەڵایەتی وەک ژنان ئاشکرا دەکا.

*د ئەو وتارە پوختەی سیمینارێکە کە لە کۆنفرانسی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕێکەوتی ٢٢ی ئاپریلی ٢٠١١ لە سلێمانی پێشکەش کراوە.

# بڕیارنامه‌ی سیاسیی

# په‌سه‌ندكراوی كۆنگره‌ی پازده‌یه‌می حیزبی دێموكراتی كوردستان

(١٣٩٠/٣/٢-٨)

## له سه‌ر ئاڵوگۆڕه‌كانی رۆژهه‌ڵاتی نێوه‌راست و باكووری ئافریقا

كۆنگره‌ی پازده‌یه‌می حیزبی دێموكراتی كوردستان به وردی و بایه‌خه‌وه ئاوڕی له ئاڵوگۆڕه سیاسییه‌كانی یه‌ك ساڵی رابردووی رۆژهه‌ڵاتی نێوه‌راست و باكووری ئافریقا دایه‌وه و له‌و باره‌یه‌وه گه‌یشته ئه‌م ئاكامانه:

١. ئه‌وه‌ی پاش چه‌ندین ساڵ شه‌ڕ و سیاسه‌تی قه‌ڵاچۆی ده‌وڵه‌تی سوودان به‌رامبه‌ر به دانیشتووانی باشووری سوودان

**هه‌ر بزووتنه‌وه‌یه‌كی گۆڕانخوازانه‌ی سه‌رانسه‌ری به دژی ده‌سه‌ڵاتی سه‌ره‌ڕۆی ئێستا له ژووره‌وه یان له ده‌ره‌وه‌ی وڵات سه‌ر هه‌ڵ بدا، پێویسته رێكخراوه تێكۆشه‌ره‌كانی رێگای رزگاریی نه‌ته‌وه‌ی كورد نیزیكی لێ بكه‌ن و هه‌وڵ بده‌ن له به‌رنامه‌كانی بۆ ئاینده‌ی ئێران ئاگادار بن**

هاته ئاراوه و رێگا درا كه خه‌ڵكی ئه‌م به‌شه‌ی سوودان له ڕیفراندۆمێكی ئازاددا بڕیار له سه‌ر دیاریكردنی چاره‌نووسی خۆیان بده‌ن و سه‌ره‌نجام ئه‌و خه‌ڵكه به زۆرایه‌تیی نیزیك به هه‌مووی ده‌نگه‌كان بڕیاری سه‌ربه‌خۆیی وڵاته‌كه‌یان دا، رووداوێكی یه‌كجار گرنگ و هه‌نگاوێكی دادپه‌روه‌رانه‌ی جێگای پشتیوانیی كۆمه‌ڵگای جیهانی بوو.

ئه‌م رووداوه نه‌ك هه‌ر بۆ ئامازینه‌كانی باشووری سوودان كه له‌و رێگایه‌وه به سه‌ربه‌خۆیی گه‌یشتن گرنگ بوو، به‌ڵكوو بۆ هه‌موو ئه‌و نه‌ته‌وه بنده‌ستانه‌ی تا ئێستا له مافی دیاریكردنی چاره‌نووس بێبه‌ش كراون به ده‌ستكه‌وتێكی گه‌وره و پڕبایه‌خ داده‌نرێ. هه‌ر بۆیه خه‌باتگێڕانی رێگای رزگاریی نه‌ته‌وه‌ی كورد پێویسته له تێكۆشانی خۆیان و پێوه‌ندییه نێونه‌ته‌وه‌ییه‌كانی خۆیان دا وه‌ك پێشینه‌یه‌كی قانوونی و په‌سندكراوێكی نێونه‌ته‌وه‌یی پشتی پێ ببه‌ستن. ته‌نانه‌ت ئه‌و ده‌وڵه‌تانه‌ش كه كوردستانیان له نێودا دابه‌ش كراوه، له سه‌ریانه به سیاسه‌ته‌كانی خۆیان به‌رامبه‌ر به نه‌ته‌وه‌ی كورددا بچنه‌وه و به دابینكردنی ماف و ئازادییه‌كانی خه‌ڵكی كوردستان رێگای یه‌كیه‌تییه‌كی ئازادانه و داخوازانه‌ی گه‌لی كورد و گه‌لانی دراوسێی له چوارچێوه‌ی سیستمێكی فیدراڵی دا خۆش بكه‌ن. كۆنگره‌ی ١٥ ئه‌و سه‌ركه‌وتنه‌ی خه‌ڵكی باشووری سوودان به سه‌ركه‌وتنی هه‌موو گه‌لانی سته‌ملێكراو ده‌زانێ و به دڵه‌وه پیرۆزباییان لێ ده‌كا.

٢ ـ كۆنگره راپه‌ڕینی گه‌لانی دیكتاتۆرلێدراوی رۆژهه‌ڵاتی نێوه‌راست (میسر، توونس، یه‌مه‌ن، سووریه و...) به راپه‌ڕینێكی ره‌وا و ڕه‌سه‌نی ئازادیخوازانه ده‌زانێ و پڕ به دڵ پیرۆزبایی له گه‌لانی توونس و میسر ده‌كا كه له ماوه‌یه‌كی كورتتردا توانیان كۆتایی به دیكتاتۆریی ده‌یان ساڵه‌ی حاكمانی وڵاته‌كانیان بێنن و زه‌مینه بۆ پێشكه‌وتنی ئازادی و دێموكراسی له وڵات دا فه‌راهه‌م بكه‌ن.

كۆنگره سه‌ركوتی بێڕه‌حمانه‌ی خه‌ڵكی یه‌مه‌ن له لایه‌ن دیكتاتۆری له‌مێژینه‌ی ئه‌و وڵاته‌وه و كوشتاری دڕندانه‌ی حكوومه‌تی بنه‌ماڵه‌ی ئه‌سه‌د دژی گه‌لانی كورد و عه‌ره‌بی سووریه به توندی مه‌حكووم ده‌كا و ئاواته‌خوازه دیكتاتۆری له‌و دوو وڵاته‌دا پێش ئه‌وه‌ی كاره‌ساته ئینسانییه‌كه بوعدێكی ترسناكتر به‌خۆیه‌وه بگرێ پاشه‌كشه بكا و رێگا به كۆمه‌ڵانی خه‌ڵك بدا به ویستی ئازادانه‌ی خۆیان چاره‌نووسی وڵاته‌كانیان دیاری بكه‌ن.

٣.كۆنگره‌ی پازده‌یه‌م پێشوازی له بڕیاری كۆمه‌ڵگه‌ی نێونه‌ته‌وه‌یی سه‌باره‌ت به وه‌ده‌نگهاتن به‌رامبه‌ر به كوشتاری بێبه‌زه‌ییانه‌ی دیكتاتۆر موعه‌ممه‌ر قه‌زافی له خه‌ڵكی لیبی ده‌كا و ئه‌م بڕیاره به هه‌نگاوێكی عادڵانه و مرۆڤدۆستانه ده‌زانێ و هیواداره له داهاتوودا ئه‌م ره‌وته درێژه بدرێ و رێگا نه‌درێ حكوومه‌ته دیكتاتۆره‌كان له ژێر په‌رده‌ی ده‌سه‌ڵاتداریی نیشتمانی (حاكمیت ملی)دا گه‌لانی وڵاته‌كانیان سه‌ركوت و ته‌نانه‌ت قه‌تلوعام بكه‌ن.

٤ـ كۆنگره هیوادارو دڵنیایه كه راپه‌ڕینی پڕشكۆی گه‌لانی رۆژهه‌ڵات له داهاتوویه‌كی نیزیك دا به‌رۆكی هه‌موو دیكتاتۆرییه‌كانی ئه‌م ناوچه‌یه و یه‌ك له‌وان كۆماری ئیسلامیی ئێران ده‌گرێ و گه‌لانی ئه‌م وڵاتانه‌ش له ژێر ده‌سه‌ڵاتی فه‌رمانڕه‌وا سه‌ره‌ڕۆیه‌كان رزگار ده‌كا.

## ده‌رباره‌ی هه‌وڵی یه‌كڕیزیی بزووتنه‌وه‌ی كوردی رۆژهه‌ڵات

كۆنگره‌ی پازده‌یه‌می حیزبی دێموكراتی كوردستان هه‌وڵه‌كانی كومیته‌ی ناوه‌ندیی له سێ ساڵی نێوان كۆنگره‌كانی ١٤ و ١٥دا بۆ رێكخستنه‌وه‌ی نێوماڵی كورد و پێكهێنانی هاوكاری و یه‌كڕیزی له نێو هێزه وڵاتپارێزه‌كانی رۆژهه‌ڵاتی كوردستان دا خسته به‌ر لێكدانه‌وه و سه‌رنج. به‌شدارانی كۆنگره به خۆشحالییه‌وه روانیانه هه‌ڵوێست و سیاسه‌تی یه‌كیه‌تیخوازانه‌ی كومیته‌ی ناوه‌ندی و له‌و باره‌یه‌وه ده‌ستخۆشییان له رێبه‌رایه‌تیی هه‌ڵبژێراوی كۆنگره‌ی چارده‌یه‌م كرد.

هه‌ر بۆیه كۆنگره‌ی پازده‌یه‌م وێڕای پشتیوانی له‌م سیاسه‌ت و هه‌نگاوه دروستانه، رێبه‌رایه‌تیی هه‌ڵبژێراوی كۆنگره راده‌سپێرێ ئه‌و ره‌وته به شێلگیرییه‌وه درێژه پێبدا و هیچ ده‌رفه‌تێك بۆ هه‌وڵی لێكنزیكبوونه‌وه‌ی هێزه‌كانی رۆژهه‌ڵاتی كوردستان له ده‌ست نه‌دا. هه‌لومه‌رجی ئێستای ئێران و ناوچه‌كه له هه‌موو ئازادیخوازان ده‌خوازێ ریزه‌كانیان بۆ به‌ره‌وڕووبوونه‌وه‌ی ئاڵوگۆڕه‌كانی قۆناخی داهاتوو رێك بخه‌ن. به تایبه‌تی هێزه كوردستانییه‌كان بۆ به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی هه‌ر پێشهاتێكی چاوه‌روانكراو و چاوه‌ڕواننه‌كراو ده‌بێ ئاماده و یه‌كهه‌ڵوێست بن.

## له‌باره‌ی بزووتنه‌وه‌ی سه‌وزه‌وه

كۆنگره‌ی پازده‌یه‌می حیزبی دێموكرات ئاوڕێكی له هه‌ڵوێستی رێبه‌رایه‌تیی حیزب به‌رامبه‌ر به هه‌ڵبژاردنی ده‌وره‌ی ده‌یه‌می سه‌ركۆماری و رووداوه‌كانی دوای كۆدیتای پاوانخوازان له ده‌نگه‌كانی خه‌ڵكی ئێران دایه‌وه و به‌م ئاكامه‌ی خواره‌وه گه‌یشت:




١ـ له سه‌ر یه‌ك، هه‌ڵوێستی رێبه‌رایه‌تیی حیزب به‌رامبه‌ر به‌و ئاڵوگۆڕانه به دروست و گونجاو ده‌زانێ و په‌سندی ده‌كا. رووداوه‌كانی دوای ده‌یه‌مین ده‌وره‌ی هه‌ڵبژاردنی سه‌ركۆماری ده‌ریانخست كه لێكدانه‌وه‌ی رێبه‌رایه‌تیی حیزب له هه‌لومه‌رجی وڵات لێكدانه‌وه‌یه‌كی دروست بووه و زیاتر له‌گه‌ڵ واقعییه‌ته‌كانی كۆمه‌ڵ و هه‌ڵوێستی بژارده‌كان و رووناكبیران و ئازادیخوازانی نێوخۆی وڵات یه‌كی گرتۆته‌وه.

٢ ـ هه‌ڵوێستی حیزب به‌رامبه‌ر به‌و بزووتنه‌وه‌یه كه به ناوی بزووتنه‌وه‌ی سه‌وز ده‌ناسرێ به گشتی دروست بووه و جێگای په‌سنده. به‌ڵام هه‌ر له‌و كاته‌دا كۆنگره به پێویست ده‌زانێ رێبه‌رایه‌تیی تازه‌ی حیزب به‌رامبه‌ر به‌م بزووتنه‌وه‌یه هه‌ڵوێستێكی وردتری هه‌بێ و ئه‌وه‌نده‌ی ده‌ره‌تانی پێوه‌ندی و ئاڵوگۆری بیروڕا له‌گه‌ڵ رێبه‌ڕانی بزووتنه‌وه‌ی سه‌وز هه‌یه، هه‌وڵ بدا زیاتر له ویست و داخوازه‌كانی خه‌ڵكی كوردستان تێبگه‌ن و وه‌ڵامی راشكاوانه به ویست و داخوازانه له به‌رنامه‌كانیان دا بگونجێنن.

هه‌ر بزووتنه‌وه‌یه‌كی گۆڕانخوازانه‌ی سه‌رانسه‌ری به دژی ده‌سه‌ڵاتی سه‌ره‌ڕۆی ئێستا له ژووره‌وه یان له ده‌ره‌وه‌ی وڵات سه‌ر هه‌ڵ بدا، پێویسته رێكخراوه تێكۆشه‌ره‌كانی رێگای رزگاریی نه‌ته‌وه‌ی كورد نیزیكی لێ بكه‌ن و هه‌وڵ بده‌ن له به‌رنامه‌كانی بۆ ئاینده‌ی ئێران ئاگادار بن. هه‌ر له‌و كاته‌دا ده‌بێ داخوازه‌كانی گه‌لی كوردیان راشكاوانه و بێ پێچ و په‌نا له‌گه‌ڵ باس بكرێ و راده‌ی هاوكاری و لێ نیزیكبوونه‌وه‌یان به راده‌ی تێگه‌یشتن و قبووڵی ئه‌و داخوازانه‌وه گرێ بدرێ. دیاره هیچ كاتێكیش نابێ لایه‌نی واقیع‌بینی له ده‌ست بده‌ین و پێویسته تێبكۆشین هه‌موو باره‌كانی مه‌سه‌له لێك بده‌ینه‌وه تا دوچاری زێده‌رۆیی و ماكسیمالیزمێكی ناواقیعی نه‌بین.

## ئاڵوگۆڕه‌كانی توركیه و باكووری كوردستان

ئاڵوگۆڕه‌كانی توركیه له پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ پرسی كورد دا له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی كه‌موكووڕیی زۆریان پێوه دیاره جێگای خۆشحاڵین. به‌تایبه‌ت ئه‌وه كه كورده‌كانی باكوور توانیویانه به كه‌لكوه‌رگرتن له‌و ده‌ره‌تانه قانوونییه‌ی سیستمی سیاسیی توركیه ره‌خساندوویه‌تی بچنه مه‌یدانی ململانه‌ی دیموكراتیكه‌وه، به به‌ره‌وپێشچوونێكی ریشه‌یی ده‌ژمێردرێ. بۆیه ده‌كرێ چاوه‌ڕوان بین له گه‌ڵ ئه‌وه‌ی له حاڵه‌تی پێداچوونه‌وه به قانوونی بنه‌ڕه‌تیی توركیه دا، پرسی شوناسی كورد ده‌بێته یه‌كێك له پرسه هه‌ره گرنگ و پڕكێشه‌كان، به‌و حاڵه‌ش به‌ره‌وپێشچوونی پرسی كورد له ئاستێك دا ده‌بینین كه ناكرێ هه‌روا به‌سانایی پشتگوێ بخرێ.

كۆنگره‌ی پازده‌یه‌می حیزبی دیموكراتی كوردستان كه‌لكوه‌رگرتنی كورد له ده‌رفه‌ته قانوونییه‌كانی نێو سیستمی سیاسیی توركیه به ده‌سكه‌وتێكی حاشالێنه‌كراو ده‌زانێ.

## پێشوازی له روانگه‌ی نوێی كۆمه‌ڵی نێوده‌وڵه‌تی له باره‌ی كۆماری ئیسلامیی ئێرانه‌وه

درێژه‌ی هه‌وڵه‌كانی كۆمه‌ڵی نێوده‌وڵه‌تی بۆ راگرتنی به‌رنامه‌ی ناوكیی كۆماری ئیسلامی به هه‌موو هه‌وراز و نشێوه‌كانیه‌وه، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی جێگه‌ی سه‌رنجن، به‌ڵام لانیكه‌م تا دوو ساڵ له‌مه‌وبه‌ر ببوونه هۆی له پله‌ی چه‌نده‌م دانانی

**به سه‌رنجدان به پێشێلكرانی سیستماتیكی مافه‌كانی مرۆڤ و سه‌ركوتی بێبه‌زه‌ییانه‌ی ناڕازییان و ئازادیخوازانی ئێران، پێویسته ناوه‌نده بڕیارده‌ره نێوده‌وڵه‌تییه‌كان و وڵاتانی پێشكه‌وتووی دنیا شانبه‌شانی كێشه‌ی ناوكی له‌سه‌ر پێشێلكرانی مافی مرۆڤیش رووبه‌ڕووی كۆماری ئیسلامی ببنه‌وه**

پرسی پێشێلكرانی سیستماتیكی مافه‌كانی مرۆڤ له ئێران.

له به‌ر رووناكایی ئه‌م لێكدانه‌وه‌یه‌دا كۆنگره‌ی پازده‌یه‌می حیزبی دیموكراتی كوردستان گرنگی په‌یداكردنی پرسی پێشێلكرانی سیستماتیكی مافه‌كانی مرۆڤ له‌لایه‌ن كۆماری ئیسلامییه‌وه به روانگه‌یه‌كی شایسته ده‌زانێ. كۆنگره له‌و باوه‌ڕه دایه كه به سه‌رنجدان به پێشێلكرانی سیستماتیكی مافه‌كانی مرۆڤ و سه‌ركوتی بێبه‌زه‌ییانه‌ی ناڕازییان و ئازادیخوازانی ئێران، پێویسته ناوه‌نده بڕیارده‌ره نێوده‌وڵه‌تییه‌كان و وڵاتانی پێشكه‌وتووی دنیا شانبه‌شانی كێشه‌ی ناوكی له‌سه‌ر پێشێلكرانی مافی مرۆڤیش رووبه‌ڕووی كۆماری ئیسلامی ببنه‌وه.

# ڕاخوشانی دوو ئەستێرە

بیست ساڵ لەمەوبەر، دوو لاوی قەڵەمبەدەست و دوو ئۆگری بواری نووسین و ئەدەب گیانیان لە سەنگەری پێشمەرگایەتی و خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازی دا بەخت کرد. شەهید ئەبوو کانیەڕەشی و جەلیل ڕەحیمیان دوو کادری تەشکیلاتیی کۆمیتەی شارستانی بۆکان، لە ١١ی پووشپەڕی ١٣٧٠، لە ئاوایی حوسێن مامە، لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە گەمارۆ دران و لەنێو بارانەی ئاگر و ئاسن دا گیانیان لێ ئەستێندرا. هەر دووی ئەو شەهیدانە لە نووسەران و هاوکارانی گۆڤاری «لاوان» بوون. شەهید ئەبووبەکر جگە لەوەی وەک ئەکتەر و دەرهێنەر، کاری شانۆگەری دەکرد لە بواری چیرۆکنووسینیش دا قەڵەمی تاو دەدا. شەهید جەلیل ڕەحیمیانیش شاعیرێکی لاو



بوو، هەر لەو کاتەدا لە بواری چیرۆکنووسیش دا، خاوەن بەهرە بوو. ئەم دوو شەهیدانە کۆمەڵێک بەرهەمیان لە پاش بەجێ ماوە. لەم ژمارەیەی «ئەدەب و هونەر»دا وێڕای ڕێزگرتن لە یادی ئەو دوو شەهیدە، چەند شێعرێکی شەهید جەلیل ڕەحیمیان دەخەینە بەر سەرنجی خوێنەران:

# چەپکێک لە شێعرەکانی شەهید جەلیل ڕەحیمیان

## شین و شەپۆڕ

ئیمڕۆ هەناوم
کەیلی برینە
ژینم هەنیسک و
شین و گرینە

دەمباتەچۆمی
سیروانی بەرین
شەپۆلی تیژی
ڕووباری ئەسرین

لە ناڵە ناڵی
ئاورینی دەروون
دەلەرزێ چیای
سەرکێشی سەرتوون

مۆتەی پەژارە
دڵمی تەنیوە
شۆخە هەڵاڵە و
گوڵمی ڕنیوە

وەک پیری کەوتوو
بێ هێزە ئەژنۆم
پارووی بەتامی
سووتان و بۆسۆم

بنوارە ڕۆژێک
ئاکامی ماتەم
کردمی بەگڵکۆو
بە کێلی وەرهەم
١٣٦٨/٤/٢٤
چیای سەرتوون

## ئەی پێشمەرگە!

تۆ بەرەو لێر و بەرەو هەوراز و لێژی کەل دەچی
تۆ بەرەو ئامانجی پیرۆزی خەباتی گەل دەچی
تۆ بەرەو زانستی ڕۆژ و بیر و وریایی دەچی
تۆ بەرەو یەکبوون بەرەو ژینێکی وێکڕایی دەچی
تۆ بەرەو کۆڕی دژی چەوسێنەری و میری دەچی
تۆ بەرەو تیشکی هەتاوی ژێکەڵەی ژیری دەچی
تۆ بەرەو جێژن و بەرەو خۆشی بەرەو شادی دەچی
تۆ بەرەو ئاسۆ بەرەو ئامێزی ئازادی دەچی
تۆ بەرەو بڕیاری سووری پێشەوای ئازا دەچی
تۆ بەرەو هەڵقەندنی کۆشکی وشەی ئاغا دەچی

***

## گەزیزە

دوێنێ لە داوێنی چیا
گەزیزەیەک ئەشنایەوە
بەپێکەنین و نازەوە
بە بەرزایی چیای دەگوت:
یاسایە، جەبری سروشتە
دوای سەهۆڵ بەندانی زستان
منم یاری بەهاری تۆ
منم ژاری نەیاری تۆ

***

## هەڵۆ

ئەم هەڵۆ تیژباڵە کەوا گورج و خێرا تێپەری
تۆ بڵێ ئەی ئاسۆناس! وەک بزانی کوێی دەوێ
گیانەکەم ڕەوتی پەرەی زانستە هێزی هاندەری
کۆنە جێگەی جێ دەهێڵێ و شوێنی ڕۆژ و نوێی دەوێ
جا بڵێی ئاواتی ئازیزی لە ئامێزی گرێ
یا لە خوڕا و هەر بە گێژی بۆو مەبەستە کەوتە ڕێ
گیانەکەم ڕەوتی پەرەی مێژوو ئەوەی سەلماندووە
کۆن ئەشێ بڕوا و دەبێ نوێ جێی گرێ.

***

## ئەی تفەنگ

ئەی تفەنگ!
باڵی ڕەشی شەو پەرستان
ئەی تفەنگ!
چاوی زەقی تۆقێنەران
دەستەچیلەی ئاگری چەوسێنەران
بیری چەوتی تاقمی شەڕ چێنەران

ئەی تفەنگ!
گورزی دەستی هەستی پیسی تاقمی داگیرکەران
مۆمی کۆڕی پڕ جەفەنگی تاقمی بەرهەمبەران

---

# حەسەن زیرەک، پانۆرامای جوانی و ئەوین

وریا ڕەحمانی

ئەگەر نەڵێین سەرەکیترین بە دڵنیاییەوە یەکێک لە پیرۆزترین ئەو کەسانەی کە زیاترین کاریگەرییان لە سەر ژیانی پڕ لە ئاڵۆزیی نەتەوەیەکی بندەستی وەکوو کورد بە درێژایی مێژووودا داناوە، دەتوانین لە «حەسەن زیرەک»ی هونەرمەندی بێکۆتایی و گۆرانیبێژی بێوێنەی وڵاتی کوردەواری یاد بکەینەوە. کاتێک کە لاپەڕەکانی مێژووی نەتەوەیەک هەڵدەدرێتەوە، لەگەڵ ناوی کەس یان کەسانێ ڕووبەڕوو دەبینەوە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان توانیویانە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵگاکەیان بقۆزنەوە و لە چوارچێوەی بیری مێژوویی خەڵک دا جاودانەیی و هەرمانییەکی پیرۆز بۆ خۆیان دەستەبەر دەکەن. بە گشتی مێژوو نوێنگەی درەوشاوەی ئەو کەسایەتییە مەزنانەیە کە لە بواری کاریگەری و ڕەوتی بەرەوپێشیی ژیانی مرۆڤایەتی دا خاوەنی پێگەی بەرچاو و حاشاهەڵنەگرن و زۆربەی کات مێژوو خود گێڕانەوەی ژیان و مەزنایەتیی کەسایەتییە ناودار و خاوەن پێگەکانی خۆیەتی و پێناسەیان دەکات. کەچی هەندێک جار هەیە و هەڵدەکەوێ کە لە مێژووی شانازییەکانی مرۆڤ دا لەگەڵ ناو و دەوری کەسانێک ڕووبەڕوو دەبینەوە کە زۆرجاران لە دەرەوەی بازنەی گێڕانەوەیی مێژوودان و تەنانەت دەتوانین بڵێین ئەوە مێژووییە کە بەوانەوە دەگێڕدرێتەوە و لە حەقیقەتدا ئەوانن کە ڕەهەندە مێژوویییەکان دەخولقێنن و لە هۆکارە سەرەکییەکانی پێناسە و شوناسی نۆرمێکی تایبەت یان نەتەوەیەکی زیندوون. لە ڕاستیدا مەبەستی ئاماژەییی ئەم بابەتە لە گەیشتن بەم دەرەنجامەدا خۆی دەنوێنێ کە بڵێ حەسەن زیرەکی کوردان وێنای ڕاشکاوی ئەمجۆرە کەسایەتیانەیە کە خود دەتوانێ وەک بەڵگەیەکی مێژوویی لەبران نەهاتوو بۆ ئێمەی کورد بۆ هەمیشە وەک نموونەیەک بمێنێتەوە.

لە پەیبردن بە قووڵایی گۆرانیەکانی حەسەن زیرەکی هونەرمەند بە ڕوونی ڕەگدانەوەی فەرهەنگ و پێکهاتەی ژیانی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی وڵاتی کوردەواری دەردەکەوێ و لە توێی شوێن بە شوێنی ئەو ئاواز و گۆرانییانەدا ناوەرۆک و کاکڵی نەریت و ڕەهەندە مێژوویییەکان نمایانتر دەبن. دەنگێکی ڕەها و سرووشتیانەی بزوێنەر، دەرکێکی قووڵ لە فەرهەنگی کوردەواری، دەسەڵاتێکی بەرین بە سەر هونەر و کاری موسیقی و هەستێکی ناسک و جوانی ناسانە و خولقێنەر لەگەڵ هەوڵی بێوچان و ماندوونەناسانەی بەردەوام



هونەرمەندێکی وەها مەزن و گشتگیر و جاویدانەی لە حەسەن زیرەک درووست کرد کە بە ئەرخایەنیەوە وەک گەورەترین و هەرمانیترین هونەرمەندی نەمری کورد لە هەمیشەیی مێژوودا بمێنێتەوە.

کاتێک وردتر دەڕوانینە کارەکانی ئەم گۆرانیبێژە ئۆستوورەییەی وڵاتەکەمان پتر ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە موزیکی زیرەک تەنانەت لەوپەڕەوەی زەرفییەتەکانی مۆزیک و فەرهەنگ و هونەری کوردەواری دا رووی داوە و بە قەناعەت وەک «ئەبەر هونەرمەندێک»ی شایستە پەرژینەکانی بەزاند و وەک کەسایەتییەکی هونەرپەروەری کورد لە ئاستێکی بەربڵاو و گەشەداری جیهانی دا پەرەی بە بەستێنە هونەرییەکانی مرۆڤ و خۆزگەکانی کورد بەخشیوە.

حەسەن زیرەکی هونەرمەند و گۆرانیبێژی گەورەی کورد لە سەرماوەزی ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی دا لە گەڕەکی «قەڵای سەردار» لە شاری بۆکان لە دایک بووە و پاش چەرمەسەری و نەهامەتییەکی زۆر بەڵام لێوان لێو لە جوانی و ئەوین لە ڕێکەوتی ٥ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٥١ی هەتاوی دا بە هۆی نەخۆشیی شێرپەنجەوە ماڵئاواییەکی غەریبانەی لە ژیان کرد و لە سەر ویست و داخوازیی خۆی لە داوێنی کێوی «ناڵەشکێنە»ی بۆکان بۆ هەمیشە تێکەڵ بە خاکی پیرۆزی نیشتمانەکەی کرایەوە. ئەمێستاش گڵکۆی پیرۆزی لە بۆکان ڕووگەی پڕ لە ئەوینی هەموو ئەو کەسانەیە کە خولیای دەنگ و هونەری زیرەکیان لە دڵان دایە و لە بەستێنی بێکۆتاییی ئەو دەنگە ئاسمانییە دا دەرفەتەکانی ژیانیان دەلاوێننەوە و لە نێو گۆرانییەکانی دا واتای ژیان و ئاوات و دڵخوازییەکانیان وێنا دەکەن. لە واقیع دا گۆرانی و دەنگی «زیرەک» هێمای پیرۆزی خۆزگەکانی مرۆڤی کوردە و لە هەمیشەیی مێژوودا وەک نمادێکی هەتایی شانازییەکەی بۆ کورد و مۆزیکی کوردی دەمێنێتەوە. ڕەنگە هەرگیز دوور لە ڕاستبێژی نەبێ کە ئەگەر بڵێین دەنگ و گۆرانی و هونەری «زیرەک» مەودای شانازی خولقێنی خۆزگەی مرۆڤی کوردە.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
NO: 562 6 July 2011

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، رۆژنامەی «کوردستان»، رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 MHz 11604
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC
www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268
تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com




## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی گەورەی نیگارکێشیی یەک کیلۆمێتری لە سەردەشت



ڕێوڕەسمی گەورەی نیگارکێشانەوەی یەک کیلۆمیتریی منداڵانی سەردەشت لە ئێوارەی رۆژی یەکشەممە، ٥ ی پووشپەڕەوە بۆ ماوەی دوو رۆژ بەردەوام بوو.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە بە هیممەتی کۆمەڵێک لە چالاکانی مەدەنی و خوێندکارانی زانکۆی پەیامی نووری سەردەشتەوە بەرێوە چوو، منداڵان بە کێشانەوەی نەققاشی یادی قوربانییانی شیمیایی بارانکرانی شارەکەیان بەرز ڕاگرت.

بە پێی راپۆرتە هەواڵی شارۆ نیوز، ئەو ڕێوڕەسمە لە لایەن بنەماڵەکانی سەردەشت و ناوچەکەوە بە گەرمی پیشوازی لێ کراوە.

شایانی باسە ئەو ڕێوڕەسمە کە بۆ یادی ٢٤ ساڵەی شیمیایی باران کرانی سەردەشت رێکخرا بوو، رۆژی ٦ی پووشپەڕ لە گەڵ کۆمەڵە چالاکییەکی دیکەی چالاکانی ئەو شارە کۆتایی پێ هات.

## پەردە لادران لەسەر پەیکەری جگەرخوێنی شاعیر لە دیاربەکر



ناوەندی هونەر و کولتووریی جگەرخوێن لە شاری دیاربەکر لە ڕێوڕەسمێکدا پەردەی لەسەر پەیکەری جگەرخوێنی شاعیر لادا.

بەپێی راپۆرتە هەواڵیکی «ئاکانیوز» ناوەندی هونەر و کولتووریی جگەرخوێن بە ئامادەبوونی مەحموود داغ، یاریدەدەری عوسمان بایدامیر، سەرۆکی شارەوانیی دیاربەکر و ژمارەیەک لە بەرپرسان و قوتابیانی ئەکادیمیای جگەرخوێن پەردەی لەسەر پەیکەری جگەرخوێن، شاعیری ناوداری کورد لادا و پێشانگەیەکی وێنەی تایبەتیشی بەو بۆنەیە کردەوە.

لەو ڕێوڕەسمەدا محەمەد چاکماک، یەکێک لە مامۆستایانی ئەکادیمیای جگەرخوێن لە سەرەتای ڕێوڕەسمەکەدا باسی لە ژیان و خەباتی سیاسی و نەتەوەیی جگەرخوێن کرد.

دواتر مەحموود داغ، یاریدەدەری عوسمان بایدامیر، سەرۆکی شارەوانیی دیاربەکر لە وتەیەکی کورت داوێڕای باس لە سەر کەسێتیی شاعیر رایگەیاند کە کاتێک باس لە شیعری کوردی دەکرێ جگەرخوێن یەکەمین ناوە کە وەبیرمان دێتەوەو ئەوینی کورد و شەڕ و خۆشییەکانی هەوێنی شیعرەکانی جگەرخوێنن.

## بەڕێوەچوونی سیمیناری کارەساتی کیمیابارانی سەردەشت لە ئەنیستیتۆی خانی

رۆژی ١٠ی پووشپەڕی ١٣٩٠ لە شاری ورمێ سیمیناری کارەساتی کیمیابارانی سەردەشت لە لایەن «ئەنیستیتۆی کلتووری و هونەریی ئەحمەدی خانی» یەوە بەرێوە چوو.

لە سەرەتای ئەو ڕێوڕەسمەدا هەژار ئاریانفەر، بەرپرسی سەنتەری لێکۆڵینەوەکانی ئەنیستیتۆی خانی، لە وتەی کردنەوەی سمینارەکەدا کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە و سەردەشتی وەکوو ژینۆساید وەسف کرد کە لە پێوەندیەکی مانادار و لە چوارچێوەی پرۆژەیەک دا، بە یەکەوە گریدراون.

بە پێی راپۆرتی ماڵپەڕی ئەنیستیتۆی کلتووری و هونەری ئەحمەدی خانی هەژار ئاریانفەر لە درێژەی قسەکانیدا، ئاماژەی بە پێشکەش کردنی پێناسەیەک لەم کارەسات و تراژیدیایە لە چوارچێوەی نیزامەکانی مەعریفی کرد و هەڵسەنگاندنی زانستی، و ڕەچاو کردنی لۆژیکی زانستی بە ئەرکی ڕۆشنبیران و بیرمەندانی کورد زانی.



لە درێژەی ئەم سیمینارەدا، وتارێکی عەزیز شێخانی لە لایەن هادی ڕەسووڵی خوێندرایەوە کە لە ژێر ناوی «ئەو ئێوارەیەی کە شارەکەم (سەردەشت) زامی هەڵگرت» و لە دەرەوەی وڵات را بۆ ئەو کۆڕیادەی ناردبوو.

لە درێژەی کۆڕیادەکەدا شاعیری شێعری بەرگریی کورد جەلال مەلەکشا، ئەندامی ئەنیستیتۆی خانی و لە بەڕێوەبەرانی گۆڤاری ئەدەبیی خانی، دو پارچە شێعری پێشکەش کرد کە لە لایەن بەشدارانەوە زۆر بە گەرمی پێشوازیی لێ کرا. هەڵسەنگاندنی کارەساتی سەردەشت لە ڕوانگەی کۆنڤانسیۆنی ژێنێڤ و ماڤی مرۆڤ وتارێک بوو کە لە لایەن عیسا عیسازادەوە خوێندرایەوە.

لە درێژەی ئەم کۆڕەدا، ئیبراهیم ڕەواندڵ، بەرپرسی گرووپی موزیکی ئەنیستیتۆی خانی دوو پارچە مۆسیقای بە سۆزی لە بارەی کیمیابارانی سەردەشت و هەڵەبجە پێشەکەش کرد و لە دەرێژەدا هونەرمەند کاووس میلانی سترانێکی پێشکەش کرد. هەروەها لە درێژەی سمینارەکەدا چەندین وتارو بابەت لە لایەن بەشداربووانەوە پێشکەش کرا.

## لە کۆپنهاگی پێتەختی دانمارک، کوردەکان پێشوازیان لە سلێمان چوکەڵی کرد

رۆژهەڵات تایمز: سولەیمان چوکەڵی پاش بڕینی ١٣٥٠ کیلۆمیتر ڕێگا، رۆژی ١ی جولای گەیشتە شاری کۆپێنهاگ پێتەختی دانمارک و لەوێ لە لایەن ژمارەیەک لە کوردەکانی نیشتەجێی ئەو شارە بە گەرمی پێشوازی لێ کرا.

سۆلیمان چوکەلی کە لە شاری ترۆندهایمی وڵاتی نوروێژ نیشتەجێیە، بەنیشانەی هاودەنگی لەگەڵ زیندانیانی سیاسی لە ئێران بە تایبەت زیندانیانی کورد و هەروەها پشتیوانی لە کاندیداتۆریی محەممەد سەدیق کەبودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتی نوبێل، گەشتێکی دووچەرخەسۆاری بەرەو شاری برۆکسێلی پێتەختی بێلژیک دەستی پێ کردووە.

ناوبراو پاش ١٤ رۆژ ڕێگا بڕین و دوای تێپەڕبوون لە وڵاتی سوید، گەیشتە شاری کۆپێنهاگ پێتەختی وڵاتی دانمارک و لە مەیدانی شارەداری ئەو شارە لە لایەن ژمارەیەک لە کوردەکانی دانیشتووی کۆپێنهاگ و دەوروبەری بە تایبەت ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشوازی لێ کراو چەپکە گوڵی ئەمەگناسی و ڕێزلێنانی پێشکەش کرا.




سولەیمان چوکەڵی رایگەیاند کە «بە تەمایە مەودای نیزیک بە ٢٢٠٠کیلۆمێتر تا بروکسێل بە دووچەرخە بپێوێ و ناوبراو پێداگری کردەوە کە خەباتی مەدەنی ڕێگەی جوراوجۆری هەیە و ئەویش ئەو ڕێگەیەی هەڵبژاردوە بۆ ئەوەی بتوانێ بەو شێوەیە دەنگی کپ کراوی زیندانیانی سیاسی و مەدەنی لە ئێراندا بە گوێی جیهانیان و کۆر وکۆمەڵەکانی لایەنگرانی مافی مرۆڤ بگەیەنێ و یەک لە وان محەممەد سەدیق کبودوندە کە ئەمساڵ وەک کاندیدی وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل دیاری کراوە. سولەیمان چوکەڵی بەو شێوەیە پشتیوانی خۆی لەو کاندیداتۆرە دەردەبڕێ».

چوکەڵی هەروەها ئاماژەی بەوەش دا کە ئەو چالاکیە لە لایان هیچ حیزب یا جەریانێکی سیاسی بەرنامەریزێژی ب ۆنەکراوە و تەواو سەربەخۆیە، بەڵام پێویست بە ئاماژەیە کە چەند رێکخراوی جۆراوجۆری داکۆکیکار لە مافی مروڤ لە کوردستان و لە ئوروپا پشتیوانی لێ دەکەن.

ئاواتیشی خواست کە ئەو حەرەکەتە ببێتە هۆی ئەوەی کە ئەو کەسانەی بە شێوەیەک دەتوانن لەسەر باشتر بوونی بارودۆخی مافی مروڤ لە ئێران شوێن دانەر بن، دەست بە کار و چالاکی بکەن وزیندانیانی سیاسی و مەدەنی لە بەندیخانەکانی ئێران دا لە یاد نەکەن.

بەر لە ماڵاوایی

# بۆچی قاسملوو؟

# بۆچی ٢٢ی پووشپەڕ؟

قادر وریا

نە د.قاسملوو یەکەم ڕێبەری سیاسیی کوردە کە کۆماری ئیسلامی گیانی لێ ئەستاندوە، نە ٢٢ی پووشپەڕ، تاقە رۆژێکە کە تاوان دژی گەلی کوردی تێدا ئەنجام درابێ. ئەمەش هەر راستە کە تیرۆری ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩ (٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨)ی ڤییەن، یەکەمین و تەنانەت دوایەمین تیرۆری دەوڵەتی نیە کە کۆماری ئیسلامی ئەنجامی داون. ئەگەر وایە هۆی چییە «٢٢ی پووشپەڕ» و بیرەوەریی «تیرۆری د. قاسملوو» لە نێو رۆژ و بۆنە تاڵەکانی مێژووی ئەم سێ دەیەی دوایی دا، بوون بە دەرفەتێک بۆ نارەزایەتی دەربڕینی سەرانسەری لە رۆژهەڵاتی کوردستان؟ هۆی چییە، نەک تەنیا ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات، بەڵکوو خەڵکی غەیرە حیزبی بەڵام خەباتگێر و بە هەڵوێستیش، هەروەها لایەنگرانی رێکخراوە سیاسییەکانی دیکە و کۆمەڵانی خەڵکی ئاساییش، لە ٢٢ی پووشپەڕ و لە بیرەوەریی تیرۆری د.قاسملوودا هەڵوێست دەگرن، یەکگرتووانە بێزاریی خۆیان لە ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی دەردەبڕن، یادی د.قاسملوو و خزمەتەکانی بەرز رادەگرن و وەفاداریی خۆیان بە ڕێگاکەی ئەو، کە ڕێگای رزگاریی گەلی کورد و نەمانی ستەم و چەوسانەوەی جۆراوجۆرە، دووپات دەکەنەوە؟

وڵامی ئەم پرسیارە هەڵ دەگرێ هەم کەمێک وردتر بچینە نێو چییەتیی پیلانێک کە بۆ تیرۆری د.قاسملوو ڕێک خرابوو، هەم هەڵوێستەیەک لەسەر کەسایەتی و بۆچوونەکانی د.قاسملوو بکەین. لەگەڵ ئەمانەشدا، نابێ لە سەرهەڵدان و دروستبوونی روانینی نەتەوەیی و سەرووی حیزبیی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان غافل بین کە لەوەرێخستنی هەڵوێستی نەتەوەیی و گشتگیر، لە نێو گەلەکەمان دا جێگای خۆی هەیە.

راستییەکەی ئەوەیە شەهیدکردنی د.قاسملوو و هاورێیانی لە سەر مێزی وتووێژ ئەم تیرۆرەی تا رادەیەکی زۆر لە تیرۆرە سیاسییەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی، جیا کردۆتەوە. راستە ئەوانی دیکەش، هەر کردەوەیەکی تیرۆریستیی و مەحکووم بوون و بە هۆی ئەوانەوە زەبر لە هێزی خەباتکار و کەسایەتیی تێکۆشەر و بەتوانا دراوە، بەڵام کەڵکوەرگرتنی کۆماری ئیسلامی لە تاکتیکی وتووێژ و قۆستنەوەی نیازپاکیی د.قاسملوو بۆ نیازێکی چەپەڵ، قوبحیی ئەو تاوانەی لە هەموو سنوورێک تێپەڕاند. لێرەدا مەسەلەکە هەر ئەوە نییە کە تیرۆرەکە، تیرۆرێکی دەوڵەتییە، هەر ئەوەش نییە کە لە بەرزترین ئاستی دەوڵەت و نیزامی کۆماری ئیسلامی دا نەخشەی تیرۆری د.قاسملوو دارێژراوە و بەڕێوەچووە، بەڵکوو پێشێلکردنی عورف و ئەخلاقی سیاسی بە زەقترین شێوەش، لە پشت تاوانەکە دەبینرێ و سەرجەمی ئەوانە بە یەکەوە بوون بە هۆی بریندارکردنی ویژدانی گشتیی و غورووری نەتەوەیی خەڵکی کوردستان.

کەسایەتیی بەرزی د.قاسملوو و دیموکراتیک و ئینسانی بوونی بیروبۆچوونەکان و باوەڕی بە دیالۆگ و چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد، و شەهیدبوونی لەم پێناوەدا، بیرەوەریی تیرۆری ئەو رێبەرە و توورەیی لە پیلان و تاوان بۆ لە نێوبردنی ئەوی لە حافیزەی نەتەوەکەی دا، بە نەمری هێشتۆتەوە. راستە د.قاسملوو لە کاتی شەهیدکرانی دا سکرتێری گشتیی حیزبێکی سیاسیی خەباتگێربوو، بەڵام لەو کاتەدا کە بەرامبەر بە ناردراوانی ڕێژیمی تاران لەسەر مێزی بەناو وتووێژ دانیشتبوو، نوێنەرایەتیی پرسی رەوای نەتەوەیەکی دەکرد، ئەو تیرۆریستانەش کە کۆماری ئیسلامی لە بەرگی دیپلومات و بە رواڵەت بۆ وتووێژ لەگەڵ د.قاسملوو ناردبوونی، بە سێرەگرتن لە دڵ و مێشکی ئەو کەسایەتییە، بە خەیاڵی خۆیان، دەیانەویست مێشک و چاوی خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەیەک بپژێنن هەر بۆیە خەڵکی کوردستان، تیرۆری ڤییەن بە شتێکی گەورەتر لە کوشتنی چەند کەسی خەباتکار، بە سووکایەتی بە نەتەوەیەک دەزانن و ئامادە نین لەم سووکایەتییە خۆش بن.

خاڵێکی گرنگی دیکە کە قاسملوو و پوشپەریان کردوە بە رەمزێکی نەتەوەیی و خەباتگێرانە، وەک گوترا ئەو تێگەیشتنە نەتەوەیی و خەباتگێرانە بەرزەیە کە بە خۆشییەوە لە نێو نەتەوەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا، سەری هەڵداوە. هەتا دێ ئەم تێگەیشتنە لە نێو خەڵکی کوردستاندا بەهێزتر دەبێ کە خەبات و بەربەرەکانێ دژی ڕێژیمێکی زۆردار و درندەی وەک کۆماری ئیسلامی پێویستیی بە یەکیەتی و هاوپێوەندیی نەتەوەیی و یەکهەڵوێستی هەیە. ئەم راستییەش دەخوازێ کە بە سەر سنوور و چوارچێوە حیزبی و رێکخراوەیی‌یەکاندا، زاڵ بن و د.قاسملوو و ٢٢ی پووشپەڕ نەک وەک مڵک یا پرسی حیزبی دیموکرات، بەڵکوو وەک پرسی خۆیان چاو لێ بکەن. هەر بۆیە حیزبی دیموکراتیش، لە مانگرتنی گشتی و نارەزایەتیدەربڕینی ٢٢ی پووشپەڕی هەموو ساڵێک، نەک وەک چالاکیی حیزبی بەڵکوو وەک ململانیی نەتەوەیەک لەگەڵ ڕێژیمێکی زۆردارو دژە کورد، چاو لێ دەکا. ململانێیەک کە دەبێ سەرئەنجام کورد تێیدا سەربکەوێ.